**عادل عەلی**

# بەشداری سیاسی

## پێناسە، چەمک، گرفتەکان

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**
**سلێمانی ـ** 2011

**ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی 2010 ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتویّ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

**بەشداری دیموکراسی ، پێناسە، چەمک، گرفتەکان**

**نوسینی: عادل عەلی**

**بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران**

**سلێمانی .** 2011

**ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان** ( 1936) **ساڵی** 2011

**لەدەزگای چاپو پەخشی حەمدی چاپ کراوە**

**دیزاینو بەرگ: ئەمیرە عومەر**

**تیراژ:** (2000) **دانە**

**ژ. زنجیرە :** (407)

www.pukhoshiari.com
info@pukhoshiari.com

# دیموكراسی
# نەزۆرترین ئازادییەو نەزۆرترین
# یەكسانییە بەڵكو
# دیموكراسی زۆرترین بەشدارییە

د. عەلی ئەصغر

# پێشەکی

بەشداری سیاسی یەکێکە لە پرۆسە گرنگ و زیندووەکانی هەرکۆمەڵگایەك، بەو پێیەی بەشداریکردن و هاوبەشیکردنی تاکەکانی ئەو کۆمەڵگایە لە پرۆسە و سیستمە سیاسیەکانی وڵاتدا نیشانەی زیندوێتییەتی. چەندە رێژەی بەشداری و هاوبەشیکردن لەسەرجەم کایە سیاسیەکانیشدا زیاد بێت، ئەوا بێگومان ئەو کۆمەڵگایە زیاتر پێشکەوتن بەخۆوە دەبینیٚو گەشەی زیاتریش لەسەرجەم بوارەکاندا دەکاتو هەنگاوەکانی بەرەو دیموکراتی خێراتر دەکات.

ئەم توێژینەوەیە لەبنەڕەتدا توێژینەوەیەکی زانستیە بەناوی (گرفتەکانی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا)، بەڵام بەباشمان زانی لەدووتوێی کتێبێکدا بەناوی بەشداری سیاسی، چەمك، گرفتەکان بڵاوبکەینەوە. بێگومان بەشداری سیاسی هەرچەندە لەهەرێمی کوردستاندا مێژوویەکی دورو درێژی نییە،



بەڵام لەهەمان کاتیشدا، کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان کەم و زۆر پێی ئاشنان بەڵام ئەم ئاشنا بوونە رەنگە بەشێوەیەکی سەرەتایی بێت. ئەمەش لەو روانگەیەوەکە پرۆسەسیاسیەکان لە هەرێمی کوردستاندا، لە دوای راپەڕینەکەی ساڵی1991 کۆمەڵانی خەڵکی کوردستانەوە زیاتر بەرجەستە بووە، هەربۆیە دوای راوێژکردن گرنگی ئەم بابەتە گەلاڵە بوو. ئەم توێژینەوەیە لە چەند بەشی تیۆریی و یەك بەشی پراکتیکی پێکهاتووە، هەربەشێکێش لە چەند باسێك پێك هاتووە بەم شێوەیەیە. بەشی یەکەمی توێژینەوەکە بریتیە لەچەمك و پێناسەی بەشداری سیاسی لەباسی یەکەمدا باسی چەمكو پێناسەی بەشداری سیاسی کراوە لەروانگەی چەندین زاناو توێژەرانی ئەم بوارەوە، هەروەها چەندین پێناسەو دیدگای جیاواز لەمەر پێناسەکانی بەشداری سیاسی خراوەتەروو. باسی دووەمی ئەم بەشە مێژوی بەشداری سیاسی لەبیری لیبرالیزمدا باسی لێوەکراوە، هەروەها لە روانگەی بیرمەندان و زانایان ئاماژە بەمێژووی ئەم چەمکە کراوەو چەندین بۆچونی جیاوازیش خراونەتە روو. باسی سێیەمی بەشی دووەمیش گرنگیەکانی بەشداری سیاسی خراونەتەروو، هەروەها گرنگی بەشداری سیاسی لە کۆمەڵگاو و بەشداری تاکەکانی ناو کۆمەڵگا لە پرۆسە

سیاسیەکانی وڵاتدا بەدوورو درێژی باسی لێوە کراوە.
باسی چوارەمیش کە کۆتایی بەشی دوومە تەرخان کراوە بۆ جۆر و ئاراستەکانی بەشداری سیاسی وچەندین جۆری بەشداری سیاسی باسیی لێوە کراوەو هەروەها ئاراستەکانی بەشداری سیاسی خراونەتە روو.

لەبەشی دووەمی ئەم توێژینەوەیەدا کە تەرخانە بۆ کەرەستەکانی بەشداری سیاسی و، بەم شێوەیە باسی یەکەمی ئەم بەشە باسی کەرەستە تەقلیدیەکانی بەشداری سیاسی کراوە بە تایبەتی لەولاتانی تازە پێگەیشتوو و هەوەها باس لەو کەرەستە تەقلیدیانە کراوە وەك حیزبو دەزگاکانی راگەیاندن و رای گشتی و گروپەکانی فشارو رێکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی، لەباسی دووەمی بەشی سێیەمدا، باسی کەرەستە مودێرنەکانی بەشداری سیاسی کراوە کە چۆن تاکەکان لەرێگەی ئەم کەرەستانەوە توانیویانە بەشدارییەکی کارا بکەن لەگۆڕەپانی سیاسی وڵاتدا، لەوانە ئەنتەرنێت تۆرەکانی پەیوەندیکردن. لەباسی سێیەمی ئەم بەشەدا کە باسی کۆتاییە تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی باسی لێوە کراوە کە خۆی لە چەندین خاڵی گرنگ و جەوهەری دەبینێتەوە.



بەشی سێیەمی توێژینەوەکە کە بەشی پراکتیکیەو بەشێوەیەکی وردو درشت قسە لەسەر گرفتەکانی بەشداری سیاسی کراوە کە خۆی لەچەندین گرفتی دەرەکیو ناوەکیدا دەبینێتەوە، هەروەها باسی چەندین کێشەو گرفتی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا کراوە. لەوانە گرفتی کەلتوری سیاسی و گرفتی یەکێتی نیشتیمانی کە خۆی لەشوناسی نەتەوەییو یەکێتی نیشتیمانی دەبینێتەوە، ئەمە سەرەرای ئەوەی بە وردی باس لە گرفتە ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان کراوە کە چۆن کاریگەری لەسەر پرۆسە سیاسیەکانداهەیە، هەروەها گرفتی گەشەپێدانی سیاسیش ئاماژەی بۆ کراوە لە کۆتایی ئەم بەشەدا گرفتە سیاسیەکانی وەکو گرفتی دەستووریی و گرفتی یاسای خۆپیشاندان و گرفتی پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا قسەو باسی لێوە کراوە هەروەها باس لەو یاسایانە کراوە کە لەلایەن ئەنجومەنی نیشتیمانی کوردستانەوە هاتۆتە دەرچوون و بەوردی خاڵە ئیجابی و خاڵە سلبیەکانی ئەو یاسایانە خراونەتەروو، هەروەها باسی پرۆژە دەستوری هەرێم کراوە، لەکۆتایدا بەوردی باس لەگرفتەکانی پرۆسەی هەڵبژاردن لەهەرێمی کوردستاندا کراوە. لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا کۆمەڵێك دەرئەنجام خراوەتەروو لەگەڵ چەندین پێشنیاز و راسپاردە

که دەکرێت سودی لێوەربگیرێت. هەروەها ئەم توێژینەوەیە سودی لە چەندین سەرچاوەی زانستیی وەرگرتوە کە لە کۆتایدا سەرجەم سەرچاوەکان بە شێوەیەکی زانستیی ریزبەند کراون. ماوەتەوە ئاماژە بەوە بکرێت کە ئەم توێیژنەوەیە بێ کەم و کوری نییە، بە هیوام توانیبێتم خزمەتێکی بچوکم کردبێت.

عادل عەلی

## بەشی یەکەم

## پێناسەی بەشداری سیاسی

### باسی یەکەم

پێناسەی بەشداری سیاسی

### باسی دووەم

بەشداری سیاسی لە بیری لیبرالیدا

### باسی سێیەم

گرنگی بەشداری سیاسی.

### باسی چوارەم

جۆر وشێوەکانی بەشداری سیاسی.

# باسی یەكەم

# پێناسەی بەشداری سیاسی

هاوكات لەگەڵ پەرەسەندنو گەشەسەندنی چەمكە مەعریفیو سیاسییەكان دا، بەشداری سیاسی بۆتە پێویستییەكی رۆژانەی هەر كۆمەڵگایەك و هەروەها بنەمای سەرەكی بەڕێوەبردنی سیستەمە سیاسیەكان. زیندوێتی ژیانو كۆمەڵگا پێشكەوتوەكان بەندە بەرادەی هۆشیاری هاوڵاتیانو ئاستی بەشداری سیاسی لەكایە جۆربەجۆرەكانی ژیاندا[1].

لەدنیای ئەمڕۆدا پێوەری دیموكراسیو دامەزراوەی بەڕێوەبردن، بەوە پێوانە دەكرێ تا چ رادەیەك هاوڵاتیان بەشدارن لەپرۆسەكانی ژیاندا. پێناسەكانی بیریارانی

1 http://acpss.ahram.org.eg/ahram/2001/1/1/YOUN39.HTM مفهوم المشاركة السياسية، السيد عليوة– منى محمود



مۆدێرنە بۆ دیموكراسیو ئازادی، پشت نابەستێ بەلێكدانەوە كلاسیكیەكان، بەڵكو ناساندنی نوێو پێناسە نوێیەكان زیاتر جەخت لەسەر ئەو ووتە دەكەنەوە كە دیموكراسی نە زۆرترین ئازادییەو نە زۆرترین یەكسانییە، بەڵكو دیموكراسی زۆرترین بەشدارییە[2].

لێرەوە دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بكەینەوە كە بەشداری سیاسی پایەیەكی سەرەكی دیموكراسییە، دیموكراسی بەبوونی بەشداری سیاسی لێكدەدرێتەوەو پێوانە دەكرێ. واتا ئەگەر بمانەوێ دیموكراسی لەپانتاییەكدا راڤە بكەین، دەبێت لەهەنگاوی یەكەمدا ئاماژە بۆ بەشداری سیاسی بكەین كە تا چ ئەندازەیەك هاوڵاتیان بەشدارن لەپرۆسەكانی سیاسیو ئابوریو كۆمەڵایەتیدا. كەواتە هەتا كۆمەڵگا بەرەو پێش بچێتو بایەخی گەشەپێدان خواستی سەرەكی كۆمەڵگا بێت، بەشداری سیاسی زیاتر دەچەسپێتو لەهەمان كاتدا دیموكراسی لە فۆرمێكی رەهای تیۆرییەوە دەگۆڕێ بۆ واقعیی پیادەكراو. ئەو كات بەڵگە نەویستە كە بەشداری

2 دیموكراسی و پراكماتیزم: د. علی اصغر, وەرگێرانی عادل عەلی (وەرگێرانی لە فارسیەوە )، (حمرین)گۆڤار, ژمارە (2)/ 1998.

سیاسی‌و دیموکراسی دەبنە تەواوکەری یەکتری‌و پێکەوە هاوشان‌و هەماهەنگ لەمەیدانی پراکتیکیدا بەرجەستە دەبن[3]. بەپشت بەستن بەو راستییانەی باس کران، هەتا دێت لەئەنجامی گەشەی زیاتری کۆمەڵگاکان، بایەخی بەشداری هاولاتیان زیاد دەکات‌و بەشداری سیاسی دەبێتە دیاردەیەکی باوی سیاسی‌و کۆمەلایەتی لەولاتانی جیهاندا.

ئەگەر سەرنج بدەین لەچوارچێوەی یاساو دەستوری ولاتە جیاجیاکانی جیهاندا ئاماژە بۆ بەشداری هاولاتیان کراوەو وەك ئەرك‌و ماف تەماشا دەکرێ‌و هیچ یاساو دەستورێك خاڵی نییە لەو راستیە، چونکە بەشداری سیاسی لایەنێکی گرنگ‌و داینەمۆی سەرەکی پرۆسەی سیاسی‌و دروستکردنی بڕیارە لەولاتاندا. دەنگ‌و رەنگی جەماوەرە و چالاکییە جۆر بەجۆرەکانی فشار قورسایی خۆیان هەیە لەکایەکانی ژیانداو زیندوویتی‌و بەردەوامی دام‌و دەزگا حکومی‌و ناحکومیەکان وابەستەی بەشداری سیاسییەو کۆڵەکەی بنەڕەتی بەردەوامی ژیانە.

---

3 عادل عەلی: ئاوڕدانەوەیەك لە چەمکی بەشداری سیاسی، کەلتور (گۆڤار)، ژمارە 1، ساڵی 2010،تشرینی یەکەم، ل126.



بەشداری سیاسی بەیەکێك لەکۆڵەکە بنەڕەتییەکانی پرەنسیپی گەشەپێدانی کۆمەڵگا دادەنرێ، ئەمەش مانای وایە کە گەشەپێدانی راستەقینە بەبێ بەشداری سیاسی بوونی نییە.

بەلێکدانەوەیەکی سادە بەشداری سیاسی مافەو لەهەمانکاتدا ئەرکیشە بەوەی کەمافێکی سەرەتایی هەرتاکێکی کۆمەڵگایەو ئەرکە لەوەدا کە تاك دەبێت پابەند بێت پێوەی. بۆ هەر تاکێك هەیە کە بەشدار بێت لەگفتوگۆو مشتومڕەکانی پەیوەندیدار بەکێشە گشتییەکانەوە، بەتایبەتی لەوەدا زیاتر بەرجەستە دەبێ تاك بتوانێ ئیرادەی خۆی بنوێنێ‌کە کێ دەکاتە نوێنەری خۆی لەهەڵبژاردنەکاندا، یاخود مافی ئەوەی هەبێت خۆی کاندید بکات‌و نوێنەرایەتی ژمارەیەك خەڵك بکات لە ناوچەیەکی دیاریکراودا[4].

دەرکەوتنی بەشداری سیاسی‌و ئاست‌و جۆرەکانی، زیاتر لەسەردەمی نوێدا بووە، کە بەدیاردەیەکی قۆناغی مۆدێرنە هەژمار دەکرێ. هەر بۆیە هەتا دێت ئەم چەمکە

---

4 د. عبدالسلام نویر: الأبعاد السياسية لتطور النظام الانتخابي، مجموعة من محاضرات مقدمة الى طلبة كلية الاقتصاد والعلوم السياسة في جامعة القاهرة، للسنة دراسية 2003–2004.

لێکدانەوەی زیاتری بۆ دەکرێ و لەناو رۆشنبیری سیاسی دا پانتاییەکی فراوانتر داگیر دەکات، و بەرئەنجامی خوێندنەوەکانیش ئەو راستییەمان بۆ روون دەکاتەوە، کە بەشداری سیاسی بنەمایەکی بەرچاوی سیستەمە سیاسیەکانە.

(نایو فیربا) بەشداری سیاسی وا پێناسە دەکات: " ئەو چالاکییە یاساییانەن کە ئامانجی دروستکردنی کاریگەرییە لەسەرهەڵبژاردنی فەرمانڕەواو هەروەها کاریگەربوون لەسەر بڕیارە حکومییەکاندا"[5]. (د. کمال المنوفی) سووربوونی تاکە لەسەر ئەوەی رۆڵێکی ئیجابی هەبێت لەژیانی سیاسی و لەمیانەی دەست بەکاربوونی ئیرادە لە مافی دەنگدان یان کاندیدکردن بۆ دەزگایەکی هەڵبژێردراو یان گفتوگۆی مەسەلە سیاسییەکان لەگەڵ کەسانی تر یان چوون و بەشداری لەناوەندی رێکخراوەکاندا[6].

(هنتنگتون)یش بەم شێوەیە پێناسەی بەشداری سیاسی دەکات " ئەوچالاکیەیە کە هاوڵاتیانی ئاسایی پێ

[5] د. بلقيس أحمد منصور : الأحزاب السياسية والتحول الديموقراطي – دراسة تطبيقية على اليمن وبلاد أخرى، (القاهرة: مكتبة مدبولي، 2004)، ص57

[6] هەمان سەرچاوە. ل57



هەڵدەستن بەمەبەستی دروستکردنی کاریگەری لەپرۆسەی دروستکردنی بڕیارە حکومیەکان. ئەم چالاکیەش بە شێوەی تاك یان گروپ بن ، ریکخراو یان خۆرسکی بێت بەردەوام یان پچڕ پچڕ بێت، بەشێوەی ئاشتیی یان توندتیژ بێت، رەوا یان نا رەوا بێت، ئەکتیڤ یان نائەکتیف بێت[7].

(وینەر)یش بەشداری سیاسی بەچالاکییەکی هەڵبژێردراو دەبینێ کە ئامانجی کاریگەرییە لەدیاریکردنی سیاسەتە گشتییەکان یان دەستنیشانکردنی سەرکردە سیاسیەکان لەسەر هەردوو ئاستی ناوخۆیی و نەتەوەییدا، جاچ ئەو چالاکییە سەرکەوتو بوو یان نا. رێکخراو بوو یان خۆبەخۆ، بەردەوام بوو یان کاتی. زانا سیاسییەکان پێشنیاری چوار رەهەند دەکەن لەبەشداری سیاسیدا. ئەمەش نزیکە لەکەناڵە جۆراوجۆرەکانی بەشداریکردن. کە ئەویش بەشداریکردنە لەهەڵبژاردنەکان و لەهەڵمەتەکانیداو لەسەر ئاستی ناوخۆیی و پەیوەندی کردن بەلێپرسراوانەوە[8].

[7] د. إيمان بيبرس:المشاركة السياسية للمراة في الوطن العربي،( القاهرة: جمعية نهوض وتنمية المرأة، 2010) ص4

[8] د. بلقيس أحمد منصور : سەرچاوەی پێشوو ، ص58

زۆربەی بابەتەکان و لێکدانەوەکان لەسەر بوونی وێنایەکی باو و ناباو بۆ بەشداریکردن کۆکن، وێنای باو خۆی لەکاندیدکردن بۆ (وەرگرتنی پۆستی گشتی، یان هەوڵدان بۆ ئەو پۆستە) چالاکییەکان لەکاری سیاسی (ئەندامێتی چالاك یان سادە لەرێکخراوە سیاسیەکان یان رێکخراوە نیمچە سیاسیەکان) دەنگدان (دەنگدان یان کاریگەربوون لەسەر دەنگدەرانی تر. وێنەی نا باویش، بێزاریو توندو تیژی، بێزاریش خۆ پیشاندانو مانگرتن لەخۆ دەگرێت، کە یاسا لەزۆربەی سیستەمەکاندا رێگەی پێدەدات، توندو تیژیش وەك، ( هەوڵی تیرۆر کردن)و کودەتاو (یان هەوڵی کۆدەتایی) لەخۆ دەگرێت، توندو تیژیش بەکارهێنانی کەرەستەکانی سەرکوتکردنی مادی یان هەرەشەی بەکارهێنان لەخۆ دەگرێت.

لەپێناسەیەکی دیکەی بەشداری سیاسیدا سەرنجی ئەوە دەدرێ کە سەرجەم ئەو چالاکییانەیە کە ئامانجی زاڵ بوونە یاخود تێپەڕاندنی کێشەکانی رۆژانەو هاوبەشیکردنە لەبەدەست هێنانی توانایەك لەهاوکاری، پشتیوانیو هەماهەنگی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگادا. ئەو جموجۆڵو چالاکیانە بەجۆرێك بە بەشداری دائەنرێ، واتا کێشەکانی رۆژانە کە رووبەڕووی هاوڵاتیان دەبێتەوە، هەوڵدان بۆ چارەسەرکردنی دەچێتە خانەی بەشدارییەوە. ئەڵبەتە



ئەوەش لەدوو بواری سەرەکیدا رەنگ دەداتەوە، یەکەمیان هەوڵی خۆبەخشانەیە وەك دروستکردنی خوێندنگەو نەخۆشخانەو شوێنە خزمەتگوزارییەکانی تر، کە لەرووی داراییو زەویو دەستی کارو کاڵاکانی تری بەرهەمهێنان هاوبەشیدەکەن، واتا ئەو تاکانەی کە توانای داراییان هەیە دەبنە بەشێك لەو هەوڵانە زۆرجار بەکاری خێرخوازیش ناو دەبرێ پاشان حاڵەتی دووەم دێت کە هەوڵدانە یاخود بەشداریکردنە لەچارەسەرکردنی کێشەو ناکۆکییەکانی رۆژانە کە لەنێوان تاكو دەستەو گروپەکاندا سەرهەڵ دەدەن. لەراستیدا ئەم بەشدارییە بەشدارییەکی کۆمەڵایەتییە، لە کۆمەڵگاکاندا دیاردەیەکی باوی کۆمەڵایەتییە، لەئەنجامی کارلێکی تاکەکانو مامەڵەکردن لەگەڵ یەکتردا دروست دەبێ، هەروەها ئەو بەشداریو هەماهەنگییە درێژ دەبێتەوە لەنێوان دامو دەزگاکانو رێکخراوەکاندا. لەوپێناسەیەدا لایەنی کۆمەڵایەتی بەشداری سیاسی بەرجەستە ئەبێ، ئەڵبەتە بەشداریی چەندین لایەنو رەهەندی جیا جیای هەیەو دەتوانین بڵێین بەشداری چەمکێکی فرە رەهەندە، چونکە بەشداری تەنها سیاسی ناگرێتەوە، ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەشداری ئابوری شان بەشانی بەشداری سیاسی لایەنێکی گرنگی ژیانی هاوڵاتیو سیستەمی سیاسی یە،

سەرجەم ئەو هاوبەشیکردنانەی هاولاتی بۆ پرۆژەکانی گەشەپێدانی ئابوری، پشتیوانییەکی بەرچاوە بۆ ئابوری نەتەوەیی، بۆ نمونە پێدانی باجو رسومات.... هتد، هەروەها بەرزکردنەوەی داهاتو بەشداریکردن لەچالاکییەکانی تری ئابوریدا. لێرەدا ئاشکرا دەبێت کە بەشداری سیاسی هاولاتیان لەکایە جۆربەجۆرەکانی ژیانی کۆمەڵگەدا مەسەلەیەکی پڕ بایەخو هەتا دێت گرنگی زیاتر پەیدا دەکات. کەواتە لەو کۆمەڵگایانەی کە لەسەر رێگەی گەشەکردنو بەرەو گەشەپێدانی هەمە لایەنە هەنگاو دەنێن دەبینین رادەی بەشداری سیاسی تیاندا زۆر بەرزەو ئەوبوارە لەژیانی کۆمەڵایەتیو سیاسی ئەو کۆمەڵگەیەدا زیاتر کاراترە[9].

د. ( مهدی جابر مهدی) بەم شێوەیە ئاماژە بە بەشداری سیاسی دەکات" بەشداری سیاسی خەسلەتێکە لەخەسلەتەکانی کۆمەڵگەوسیستمی سیاسی, بەواتا بەشداری دەتوانێت شێوازەکانی سیستمی سیاسی بناسێنێت، چونکە بەشداری سیاسی چالاکیەکی سیاسیەو ئاماژەیە بۆ هاوبەشی هاولاتیانو رولی ئەوان لەناو

[9] عادل عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل126.



چوارچێوەی سیستمێکی سیاسیدا" [10]. هەروەها (د. جەلال عبدالله معوض) ئاماژە بە بەشداری سیاسی دەکات لەفراوانترین ماناکانیدا، بەمانای مافی هاوولاتی لەگێڕانی رۆڵێکی دیاریکراو لەدروست کردنی بریارە سیاسیەکاندا، لەبەرتەسکترین ماناکانیشدا، مانای مافی ئەو هاولاتیە دێت کە چاودێری ئەو بڕیارانە دەکات لەهەڵسەنگاندنو رێکخستنی لەکاتی دەرچونی لەلایەن دادوەرەوە[11]. هەندێکیشیان بە مانای "دەرکردنی بریارەکانی بالا دێت کە گوزارشت لەئارەزووی کۆمەڵگا دەکات". هەندێکی تریش بەمانای بەشداریکردنی جەماوەرو بەشداری گەل لەپرۆسەی سیاسیدا دایدەنێن. لەبلاوترین ماناکانی چەمکی بەشداری سیاسی، بریتی یە لە توانای هاولاتیەکان لە گوزارشتکردنو کاریگەری ئاشکرا لەدەرچونی بریارەکان، جاچ بەشێوەیەکی

[10] د. مهدي جابر مهدي: المشاركة السياسية و والمؤسسات، مجلة (الفكر الجديد), اربيل، 2007، ص 241

[11] د. جلال عبداللع معوض: ازمة المشاركة السياسية في الوطن العربي في علي الدين هلال واخرون: الديموقراطية وحقوق الانسان في الوطن العربي ( بيرؤت: مركز دراسات الوحدة العربية, 1983)، ص 63

ڕاستەوخۆ یان لەڕێگەی هەڵبژاردنی نوێنەرانەوە تا ئەو کارە بکەن[12].

(مایرون وینر) پێناسەی بەشداری سیاسی بەم شێوەیە دەکات " بەشداری سیاسی کە ماناکەی کردەیەکی ملکەچانەو ئامانجیشی کاریگەر بوونە لەهەڵبژاردنی سیاسەتی گشتیو بەڕێوەبردنی کاروباری گشتیو هەڵبژاردنی فەرماندە سیاسیەکان لەسەر ئاستی حکومی، ناوخۆیی یان نیشتمانی دایدەنێت"[13]. لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت کە بەشداری سیاسی پرۆسەیەکی سیاسی هەر کۆمەڵگایەکەو ئامانجی خزمەتکردنی تاك و کۆمەڵگایە، چەندە تاکەکانی هەر کۆمەڵگایەك بەشداریەکی کارایان لە پرۆسە سیاسیەکاندا هەبێت، ئەوا ئەو کۆمەڵگایە زیاتر دیموکراسی تیدا بەرقەرار دەبێت، چونکە پرۆسەی سیاسی و دیموکراسی دوانەیەکی لەیەك دانەبڕاون، لە هەر کۆمەڵگایەکی پێشکەوتوودا. لێرەوە دەتوانین بگەینە ئەو گریمانەیەی کە بەشداری سیاسی بنەمایەکی سەرەکی دیموکراسیە.

12 د. بلقيس أحمد منصور : سەرچاوەی پێشوو، ل57

13 د. ثامر كامل محمد الخزرجي: النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة – دراسة معاصرة في استراتيجية إدارة السلطة، ( عمان: دار مجدلاوي، 2004)، ص181



## باسی دووەم

# بنەماکانی بەشداری سیاسی لە بیری لیبرالیدا

لەگەڵ دەرکەوتنی دیاردەی حیزبی سیاسی، بەشداری سیاسیش پێی نایە قۆناغێکی نوێوە. ئەگەرچی چەمکی بەشداری سیاسی لەدوای سەرهەڵدانی حیزبی سیاسیەوە وەکو چەمکێکی سیاسی ناسراوە، بەڵام بەشێوەیەکی گشتی لەدوای شۆڕشی فەرەنسا 1789 ئەم چەمکە ماناو گوزارشتی زیاتری بەخۆیەوە بینیوە، چونکە ئەم شۆڕشە هەر وەك چۆن وەرچەرخان بوو لەزۆرێك لەبوارەکانی ژیاندا، بووە مایەی سەرلەنوێ پێناسەکردنەوەی چەمکە سیاسیو فەلسەفیەکان، هەر بەو چەشنەش لە چەمکی بەشداری دا، گۆڕانێکی ریشەیی دروست کرد. چونکە

هەروەك ئاشكرایە قۆناغی پێش شۆڕشی فەرەنسا بەوە دائەنرێ کەقۆناغی بێ بایەخی سیاسی بووە[14].

لەبەشداری سیاسیدا کارەکتەری یەکەم و کۆتایی تاك خۆیەتی یان بەمانایەکی تر هاولاتییە، بەگەشەکردنی چەمکی هاوولاتی بوون وەك مانایەکی سیاسیو یاسایی، چەمکی بەشداری سیاسیش پێی ناوەتە قۆناغێکی بالاو پێشکەوتووەوە. بەلەبەرچاوگرتنی ئەو راستیەی کەتاك، کارەکتەری سەرەکی بەشداری سیاسییە وکرۆکی فکری لیبرالیزمیش تاکە، هەربۆیە پێویستە چەند پێناسەیەکی لیبرالیزم لەمەڕ بەشداری سیاسی بخەینە روو:

لە ئەنسکلۆپیدیای فەلسەفەی عەرەبیداو لەژێر ناوی بابەتی لیبرالیزمدا هاتووە، کرۆك و جەوهەری لیبرالیزمی دیاریکردوە، کە جەخت کردنەوەیە لەسەر بایەخی تاك و پێداویستی یەکانی ئازادبوونی لە هەموو چەوسانەوە و دەستبەسەراگرتنێك، واتا ئازادبون لە هەموو جۆرەکانی هەژمونگەرایی دەولەت، زۆرداری سیاسی و هەژموونی کۆمەڵ و چەوسانەوەی کۆمەلایەتی، بەواتا جەوهەری

[14] تارا عمر محمد: المشاركة السياسية وتأثيرها في عملية التحول الديمقراطي– العراق المعاصر كحالة للدراسة، رسالة الماجستير/ جامعة السليمانية، كلية القانون و السياسة، 2009.



لیبرالیزم جەخت کردنەوەیە لە بایەخی تاك و ئازادبونێتی لە هەموو دەسەلاتێکی دەرەکی[15].

لە فەرهەنگی زاراوە سیاسیەکاندا لەپێناسەی لیبرالیزمدا بەم شێوەیە هاتووە: کە لیبرالیزم بیر و باوەڕی سەرمایەداری یەو بانگەشەی ئازادی رەها دەکات لەمەیدانی ئابووری و سیاسیدا، بەتایبەتی لە رەهەندی تاکگەراییو جەخت لەسەر قبولکردنی رای جیاواز دەکاتەوە چ جای ئەوەی ئەگەر پێچەوانەی ئەم بیروباوەڕەش بێت.

لیبرالیزم گوزارشتە لەو بیروباوەڕەی کە تاك دەخاتە پێگەیەکی رەهاوە و بالاتر لە کۆمەلگا تەماشای دەکات، بەرژەوەندی تاکەکەسی دەخاتە پێش بەرژەوەندی گشتییەوە، ئەوەش لە باوەڕبوونی بە ئازادی یە رەهاکانی تاکەوە سەرچاوە دەگرێ (ئازادی کار و ئازادیی خاوەنداریێتی و ئازادی گرێ بەست و ئازادی بازرگانی وئازادیەکانی بیر و باوەڕ و رادەربڕین) بە کورتی ئەو ئازادیانە ئەگەر دابین بکرێ تاك دەتوانێت قەبارەو ئاستی سوودەکانی خۆی زیاد بکات. هەربۆیە زۆر کەس

[15] هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەرە.

زاراوەی بیر وباوەڕی تاکگەرایی بەکار دەهێنن لە جیاتی زاراوەی لیبرالیزم[16].

لێرەوە دەتوانین بڵێین کە لیبرالیزم ڕێگەی بیرکردنەوە یاخود ئایدۆلۆژی یە کە بایەخی سەرەکی لەسەر ئازادی تاکە، بە هەموو ڕەهەندەکانیەوەو، ئازادی بەرئەنجامی ژیانی تاکەکانە.

بنەماکانی بیروباوەڕی لیبرالی بوونەتە فاکتەرێك تاکو سیستمی دیموکراسی وەکو شێوازێکی فەرمانڕەوایی وەربگرێ، کە لەسەر بناغەی بڕوابوون بە ئازادییە سیاسیەکانو مافی گەل لەبەشداری کردنی دەسەڵاتدا، بۆ بەڕێوەبردنی کاروبارەکانی وڵات. ئەم چەمکەش لە ئەنجامی ململانێی بەردەوامی نێوان فەرمانڕەوا و فەرمان بەسەراکراوەکاندا هاتووە، هەر لە سەرەتای دەست پێکردنی ژیانی سیاسیدا، ململانێکە، ئامانجی سنوردانان بووە بۆ مەترسی لادانی دەسەڵات[17].

بیروباوەڕی لیبرالیزم جەخت لەسەر دوو ڕەهەندی بنەڕەتی دەکاتەوە:

16 تارا عمر محمد: هەمان سەرچاوە. ل41

17 هەمان سەرچاوە، هەمان لاپەرە



1.لیبرالیزمی سیاسی: ئەم ڕەهەندە زیاتر لە دیموکراسی لیبرالیدا چڕدەبێتەوە بەو پێیەی سیستەمێکی حوکمی زۆرینەیەو تێیدا تاکەکان ماف و ئازادیە سروشتیەکانی خۆیان پیادە دەکەن، بە بێ دەستیوەردانی دەوڵەت، بە کورتی ئەم ڕەهەندە جەخت لەسەر مافەکانو ئازادییە سیاسیو مەدەنیەکان دەکاتەوە و دور لە چۆنیەتی پاراستنی لە دەستێوەردانی دەوڵەت .

2.لیبرالیزمی ئابووری: بیرۆکەو جەوهەری ڕەهەندی ئابووری لیبرالیزم لەوەدا دەر دەکەوێ کە ئازادی ئابووری بە مانای ئازادیی ڕەهای تاکەکان و لەئەنجامی چالاکیە ئابووریەکان بەبێ دەستێوەردانی دەوڵەت دێت، لە دیارترین دروشمەکانی (لێگەڕێ با کاربکات، لێگەڕێ با تێپەڕێ)، هەروەها لەباری ئابووری دا ئەم دەستێوەردانەش لەسنورێکی بەرتەسکدا دەمێنێتەوە وەکو پاراستنی مافەکانو ئازادییەکانی تاكو ڕێگەگرتن لە دەست درێژی دەرەکی[18].

جۆن ستیورات میل ( 1806– 1873) کە بەناوبانگترین کتێبی لەسەر ئازادی هەیە ، لە ڕوانگەی بیری لیبڕالیزمی سیاسیەوە، تیروانینی وایە، کە حکومەت

18 هەمان سەرچاوە. هەمان لاپەرە

یاخود کۆمەڵگا بەسیفەتیی گشتی بۆی نییە دەست بخاتە ناو ئازادییەکانی تاکەوە. لەو ئازادیانەی کە (میل) باسی دەکات بریتی یە لە حیزب و سەندیکاو ئازادی کارکردن بە بێ ئەوەی زیان بەوانی تر بگەیەنێ، ئەمەش هەنگاوێکی ئاشکرای بەشداری سیاسیە، لێرەوە دەتوانین بڵێین کە لیبرالیزم سەرەتایەکی دیار و بەرچاوی چەمکی بەشداری سیاسی دارشتوەو هەروەها کاری بۆ پێشخستنی کردووە، بەتایبەتی ئەگەر سەرنج بدەین لیبرالیزمی نوێ رونتر جەختی لەسەر کردۆتەوەو زیاتر لەوەدا بەرجەستە دەبێ کە رەهەندی ئابووری تێکەڵ بە سیاسەت کراوە. لیبرالزم وەکو فەلسەفەیەکی ئابووری – سیاسی تەماشا دەکرێ بەناوی دیموکراسی لیبرالیزمەوە، کە ئەوەش کاریگەری داناوە لەسەر بەشداری سیاسی بەوەی هانی هاولاتیان دەدات بە دوای ماف و ئازادییەکانی خۆیانەوە بن.



## باسی سێیەم

# گرنگی بەشداری سیاسی

دەتوانین جەخت لەسەر ئەوە بکەینەوە، کەبەشداری سیاسی بەشێکە لەگرێ بەستی کۆمەلایەتی، لایەنەکانی گرێ بەستەکۆمەلایەتیەکەش بریتیی یە لە دەسەلاتو خەڵك، واتە هەردوولا وابەستەن بەگرێ بەستەکەوە لەرووی مافو ئەرکەکانەوە، کەواتە جەوهەری تیۆری گرێ بەستی کۆمەلایەتی لەبوونی بەشداری سیاسیدا رەنگ دەداتەوە[19].

بەشداری سیاسی، بەشداری هاوولاتیانەو لەو لێپرسراویەتییەی کەبەشێکە لەدروستکردنی بریارو کارئاسانی دەکات بۆ جێبەجێکردنی پلانو بەرنامەکان، چونکە هاولاتی لایەنێکی گرنگی پەسەندکردنی پرۆژەکانە. هەر لەمیانەی بەشداری سیاسیدا دەتوانرێ هەموو ئامانجەکانی کۆمەڵگا بەدەستبهێنرێ، بەشێوازێك

[19] عادل عەلی: سەرچاوەی پێشوو، ل128

کەلانی کەمو زۆری سوودەکان بزانرێ، تا چەندە گونجاوە لەگەڵ پێداویستیەکانو ئارەزووەکانی خەڵكو تواناکانیان[20].

بەشداری سیاسی ئەو ڕاستییە دەخاتە ڕوو کە پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆی بەسەقامگیری سیاسیو لەهەمانکاتدا شەرعیەت دان بەسیستەمی سیاسیو ئەو هەستە لەلای تاکەکانی کۆمەڵ قوڵ دەکاتەوە. هەر وەك چۆن سیاسەت پەیوەندی بە خەڵكو دەسەڵاتەوە هەیە، هەر بەو شێوازەش بەشداریکردنی هاوڵاتیان بەواتا پراکتیککردنی سیاسەتو بەجوڵە خستنی ئەو راستییە رەهایەیە. کەواتە بەشداری سیاسی جۆرێك رەهایی دانە بەحەقیقەتی سیاسی لەکۆمەڵگاداو دواجار دەبێتە شەرعیەت بۆ دەسەڵاتی سیاسیو بوونی پەیوەندی کاراو ئۆرگانی لەنێوان هاوڵاتیو دەسەڵاتدا.

بەشداری سیاسی لەدواجاردا ئەو پەیوەندییە زیندووە رادەگرێ کە لەنێوان تاكو سیستەمدایە، چونکە بوونی پرۆسەی بەشداری سیاسی لەو رووەوە بایەخی هەیە کەدەبێتە پردی پەیوەندیو رایەڵەی نێوان خەڵكو حکومەتو، گەیاندنی پێداویستیو داخوازییەکانی

[20] هەمان سەرچاوە: ل129



هاوڵاتی بۆ حکومەتو کاریگەری دانان لەسەر ڕەفتاری دەسەڵات، گەیاندنی ئەوەی کامە ئەولەویەتی هەیە لای جەماوەرو پاشان فشار خستنە سەر دەسەڵات. بەگرتنەبەری ئەو شێوازو پەیوەندیانە لەنێوان هاوڵاتیو دەسەڵاتدا فرسەتی بەشداری سیاسی فراوان دەبێتو مەیلی بەرتەسك کردنەوەی ئازادییە سیاسییەکانو هەستکردن بەنامۆیی لەووڵاتدا کەم دەبێتەوەو، ئیدی بەهای یەکسانیو ئازادی دەستەبەر دەبێتو دواجار دەبێتە مایەی سەقامگیری گشتی لەکۆمەڵگەدا. ئەم کارەش یارمەتیدەر دەبێ بۆ سەلماندنی مەرجە کۆمەڵایەتیو رۆشنبیریو سیاسیەکان، لەسەرکەوتنی پلانی گەشەپێدانە جۆراوجۆرەکان. چونکە بەشداری پرەنسیپی بنەڕەتی گەشەپێدانی کۆمەڵەو بەبێ بەشداری گەشەپێدانی راستەقینە سەرکەوتوو نابێ، هەروەك چۆن بەشداری بەباشترین هۆکاری یارمەتیدەر دائەنرێ، بۆ گەشەپێدانی دیموکراسی لەسەر ئاستی تاكوکۆمەڵگاش، لەهەمان کاتدا مافێکی سادەی هاوڵاتیانەو مافێکی بنەڕەتییە کەپێویستە هەموو کەس لێی بەهرەمەند بێت، بەوەی کەکێ دەکاتە فەرمانڕەواو، کێ دەبێتە نوێنەرو دواجار

چۆن چاودێری سیستەمی سیاسی دەکات، تالە ڕێڕەوی بەرژەوەندی هاوڵاتیان لانەدات[21].

پەیوەندیەکی ئاسایی لەنێوان دەوڵەتو کۆمەڵگا لەسەر برێکی گەورە لەبەشداری سیاسی بۆ هاوڵاتیانو ڕێکخستنیان (ناحکومی) لەدەرکردنی بریارەکان لەخۆدەگرێت. بەمانای بەشداری سیاسی، ئاماژەیەکە بۆ بوونی پەیوەندی نێوان کۆمەڵگاو دەوڵەت، تا ئەو رادەیەی دەوڵەتیش گوزارشتێکی واقعی لەکۆمەڵگاکەی بکات[22].

لەکاتێکدا گەر گەشەپێدان لەیەکێك لەلایەنەکانی گەشەکردنی گیانی هاوڵاتیبونو پێوەرە تازەکان بۆ پابەندبوونو بەشداری لەرێگەی وابەستەیی جەماوەرەوە بەشدارییەکە لەخۆبگرێت. هنتگتون بەشداری سیاسی بە یەکێك لەرەگەزەکانی گەشەپێدانی سیاسی دادەنێت. (لوسیان پای) شەش قەیرانی بەستراو بەیەکەوە لەروبەروبونەوەی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسیدا دەستنیشان دەکات. (قەیرانی ناسنامە، قەیرانی شەرعی، قەیرانی بەشداریکردن، قەیرانی گونجاندن، تیکەڵاوبوون و

[21] سەرچاوەی پێشوو. ل130

[22] د. ثامر كامل محمد الخزرجي : سەرچاوەی پێشوو، ل



یەکترتەواوکردن، قەیرانی دابەش کردن). چارەسەرکردنی ئەو قەیرانانە بەستراوە بە چارەسەری قەیرانی بەشداریکردن، بەو مانایەی کە بەشداری سیاسی ئامانجو هۆکارن لەیەککاتدا. ئەمە بێجگە لەلەدەستدانی رەگەزی بەشداری سیاسی بێ گومان دەمانگەیێنێتە ئەوەی سیستەمی سیاسی لە دەست بدەین هەروەك چۆن بەشداری سیاسی بەپێوەرێك دادەنرێت بۆ گەشەکردنی سیستەمی سیاسی، هەروا ئاماژەیەك بۆ بەدیموکراسی بون، ئەویش بە هاندانی بۆ بەهێزکردنی رۆڵی هاوڵاتیان، لەچوارچێوەی سیستەمی سیاسی بەدەستەبەرکردنی بەشداریکردنیان لەپرۆسەی دروست کردنی سیاسەتە گشتیەکانو بریارە سیاسیەکاندا. لەسەر ئەو بنەمایە سیستەمی دیموکراسی بە سیستەمێك وەسف دەکرێت کە رێگە بە فراوانبونی بەشداریکردنی هاوڵاتیان دەدات، جا چ بەشێوەی راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ لەپرۆسەی دروستکردنی بریارە سیاسیەکانو هەڵبژاردنی بەرپرسە سیاسیەکاندا دەدات. گرنگی بەشداری سیاسیش لەوەدا بەرجەستە ئەبێت[23]:

[23] د. بلقيس أحمد منصور : سەرچاوەی پێشوو، ل 58-59

1.بەشداریکردنی سیاسی بۆ گەشەکردنی سیستەمی سیاسی، هێمایەکە بۆ دیموکراسی بوون، بەهاندانو بەهێزکردنی رۆڵی هاوولاتیان لەچوار چێوەی سیستەمی سیاسی بۆ فەراهەمکردنی بەشداریکردنیان لەپرۆسەی دروستکردنی سیاسەتی گشتیو بڕیارە سیاسیەکان، یان کاریگەر بوون.

2.بەشداریکردن هۆکارێکە بۆ پشتگیری حکومەتی دەستە جەمعی. هەروەك بەشداربوونی زۆر کەس لەکاروباری دەوڵەت هەل دەڕەخسێنێ بۆ هەر تاکێك تا گوزارشت لەبەرژەوەندی تایبەتی خۆی بکات. بێجگە لەوەی کە بەشداریکردن بنەمایەکی سەرەکیە بۆ گەشەکردنی کۆمەڵگە، لەبەر ئەوەی دەبێتە دەرفەتێکی گونجاو بۆ راهێنانو فێرکردنی هاولاتیان ئاشناکردنیان بەکێشەکانیانو هەروەها چارەسەرکردنیان. لەو رێگەیەوە هاولاتی فێری چارەسەرکردنی کێشەکانی دەبێت.

3.رۆڵی بەشداریکردن کە رۆڵێکی پشتیوانی کردنە بۆ حکومەتو کارێکی پێویستە بۆ بەدیهێنانی ئەو پلانەی کە دایدەنێت.

4.پرۆسەی بەشداریکردنی گەل هۆشیاری کۆمەلایەتی هاوولاتیان بەرز دەکاتەوە.



5.بەشداریکردنە جەماوەریەکان لەرێگەی دەزگاو ئەنجوومەنە ناوخۆییەکان. رەنگە بتوانێت رۆڵی چاودێریکردنو رێکخستن بگیرێت. ئەمەش کارێکی پێویستەو یارمەتی حکومەت دەدات بۆ ئاشکرابوونی خاڵە لاوازەکان، هەندێك جاریش رێگە لەهەڵەی بەرپرسان دەگرێت، هەربۆیە پێویستە کێشە جەماوەرییەکان چارەسەر بکرێتو هێنانەدی کۆمەڵگەیەك کە هاولاتیان بەشداربن تێدا نەك تەماشەکەر، هەربەم شێوەش گرنگی بەشدار سیاسی لە هەر ولات و کۆمەڵگایەکدا دەردەکەوێت بە تایبەتی لەسیستمە دیموکراسیەکاندا چونکە لەو سیستەمانەدا هاولاتیان هەست بەگرنگی بەشدار سیاسی دەکەنو بە فراوانترین شێوە رۆڵی خۆیان دەگیڕن لەسەرجەم کایەکانداو بەشدار دەبن و ئەمەش دەبێتە هاندانی پرۆسەی بونیادنانی ولات بەشێوەیەکی دیموکراسی.

## باسی چوارەم

# جۆر و شێوەكانی بەشداری سیاسی

زانایان و بیرمەندانی ئەم بوارە لەسەر جۆری بەشداری سیاسی نەیانتوانیوە بگەنە یەك جۆری هاوبەش، بەڵام رەنگە زۆربەیان كۆك بن لەسەر ئەم خاڵانەی لای خوارەوە:

### یەكەم: - بەشداری سیاسی یاسایی

لەزۆربەی وڵاتاندا ئەم شێوازە باوە پیادەكراوە بەتایبەتی بەشداریكردن لەپرۆسەكانی هەڵبژاردنو دەنگداندا، كاركردن لەناو حیزبە سیاسیەكانو، هەروەها بەشداریكردن لەگروپەكانی فشارو كۆمەڵەو رێكخراوە جەماوەریو مەدەنییەكانو، بەشداریكردن لەكۆڕوكۆبوونەوە جەماوەرییەكاندا. چاودێریكردنی پرۆسەی كاروبارە سیاسیەكانی هەركۆمەڵگایەك، ئەمانە ئەو شێوازە باوو تەقلیدیانەیە كە دەچنە خانەی بەشداری



سیاسییەوەوبەگشتی شێوازێكی باوی یاساییو رێگە پێدراوە لەدنیای ئەمڕۆدا[24].

### دووەم/ بەشداری سیاسی نایاسایی

ئەم شێوازەش بەهەمان شێوە ئاساییە و شێوازێكی یاساییە، چونكە بەشێكی زۆری ئەو رێگایانە دەگرێتەبەرو بەو یاساییانە بەڕێوەدەچن، وەك سكاڵاكردنو رەخنەو نارەزایەتیو بێزاری بەشێوەی سكاڵای یاسایی بۆ بەردەم دادگا لەسەر دەسەڵاتو سیستەمی سیاسی. واتا ئەم جۆرە بەشدارییە بە یاسا رێكخراوە.

هەر لەم جۆرە بەشدارییەدا شێوەی نایاسایش هەیە، كە پەیوەندیدارە بە جۆری ئەو پێوەرانەی كە سیستەمی سیاسیو یاسای وڵات پیادەی دەكات، چونكە زۆربەی ئەو بێزاریو نارەزاییەتیانە، توندو تیژی جەماوەری لێدەكەوێتەوەو دەبێتە هۆی زەرەرو زیان گەیاندن بەدامو

---

[24] د. زانا رۆوف مەنمی : سیستمە سیاسیەكان، كۆمەڵی لێكچەرە پێشكەشی خوێندكارانی قۆناغی دووەمی بەشی زانستە رامیاریەكانی كۆلێژی یاسا و رامیاری زانكۆی سلێمانی كراوە، ساڵی خوێندنی 2008–2009.

دەزگاکانی دەوڵەتو سەرهەڵدانی دیاردەی تاڵانیو سوتاندن.... هتد[25].

پیادەکردنی ئەم شێوازە لەکاتێکدایە کە هەموو ڕێگە یاساییەکان بەرتەسك بکرێتەوە یاخود هەر قەدەغە بکرێ، بەکورتی کاتێك جەماوەر پەنا بۆ توندوتیژی دەبات کە ڕێگەی یاسایی لێ قەدەغە بکرێو مەوداکانی ئازادی ڕادەربڕین بەرتەسك بکرێتەوە.

لەو دوو جۆرەی باس کراوە ئەوە ئاشکرا دەبێت کەبەشداری سیاسی بەرپرسیارێتییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسییە، چونکە کاتێك جێبەجێ دەکرێت کە بالانس هەبێت لەنێوان مافو ئەرکەکاندا، ئەوەش یەکێك لەسیماو خەسڵەتەکانی سیستمە دیموکراتیەکانەو لەسەر ئەوە بەندە کەچەند مەوداکانی بەشداری سیاسی فراوان بێ، هێندەش گەشەپێدانو پێشکەوتن بەخۆیەوە ئەبینێ. واتا لەدەستوور و یاساکانی وڵاتدا ئازادییە سیاسییەکانو مەوداکانی ئازادی دیکە دیاری کرابێتو سیستەمی سیاسی لەوڵات لەئەنجامی بەشداری هاوڵاتیان هاتبێتە کایەو لەڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادو پاشان دەستاو دەستکردنی دەسەڵات بەشێوە ئاشتییانەکەی بوونی

[25] هەمان سەرچاوە.



هەبێت. بەکورتی هاووڵاتیان بەئاشکرا بەشداربن لەدروست کردنی بڕیاری سیاسیدا[26]. بەڵام لە زۆربەی وڵاتە پێشکەوتووەکاندا هاوڵاتیان خۆیان لەپرۆسە سیاسیەکانی وڵاتداو هەمیشە هەوڵدەدەن زۆرترین بەشداریان هەبێت لە کایە سیاسیەکاندا، چونکە لەو ڕێگەیەوە دەگەنە ئامانجەکانی خۆیانو مافە سەرەتایەکانیان دەستەبەر دەکەن، ئەمە بەپێچەوانەی وڵاتە دواکەوتووەکان کە بەدەست دیکتاتۆری و سیستمی تۆتالیتاریەوە دەناڵێنن، هەر گروپ و بنەماڵە و نوخبەیەکی سیاسی کە ئیدارەی سیستمی سیاسی وڵات دەدەن و و هەندێکیشیان لە ڕێگەی دەستوری وڵاتەوە بۆ هەتاهەتایی حکومی وڵاتیان گرتۆتە دەست.

[26] هەمان سەرچاوە.

## بەشی دووەم

## کەرەستەکانی بەشداری سیاسی

### باسی یەکەم
### کەرەستە تەقلیدیەکانی بەشداری سیاسی

### باسی دووەم
### کەرەستە مودێرنەکانی بـــەشداری سیاسی

### باسی سێیەم
### تاییـە تمەندیەکـانی بـەشـداری سیاسی

## باسی یەکەم

# کەرەستە تەقلیدیەکانی بەشداری سیاسی

بەشداری سیاسی پێویستی بەدابینکردنی ئازادیی بنچینەیی هەیە لەکۆمەڵگادا، بەواتایەکی تر هەبوونی ئازادیگەلێکی ئەوتۆ دەرفەتی چالاکیی پێویست بۆ تاك و حیزبو گروپە کۆمەڵایەتیو سیاسیەکان برەخسێنێت. ئەو ئازادیانانەش بریتین لە ئازادیی رادەربڕین، ئازادیی هەڵبژاردن لەنێوان حیزبو ڕێکخراو و گروپە سیاسیەکاندا, ئازادیی بەشداریکردن، ئازادیی دەنگدان، ئازادیی خۆپیشاندان، ئازادیی ڕێپێوان...هتد. بۆئەوەی حیزبو گروپو هێزە کۆمەڵایەتیو سیاسیە جۆراوجۆرەکان بتوانن لەرووی سیاسیەوە خواست و



بەرژەوەندییەکانیان رێکبخەن[27]. لێرەدا کۆمەڵە پاڵنەرێك هەیە کەوا لەهاوڵاتی دەکات بۆ بەشداری سیاسی:

- . سەرهەڵدانی تەنگو چەڵەمەی نیشتمانییو ململانێی حزبە سیاسییەکانو گۆڕانی سیاسەتی دەوڵەت دژبە بەرژەوەندی چین و توێژەکانی ناو کۆمەڵگا لەو بارودۆخەدا، تاکەکان کار لەسەر رێکخستنی هێزەکانیان دەکەن بۆ رووبەڕووبونەوەی هێزی دەسەڵاتدار.
- . سەرهەڵدانی چەند گۆڕانکارییەکی کۆمەڵایەتیو سیاسی لەوڵات، کە هەل دەرەخسێنێ بۆ دروست بوونی رێکخراوی شەرعی بۆ چینو توێژەکانی ناو کۆمەڵگاو یارمەتی پێشکەوتنی هۆشیاری سیاسی دەدات.
- . ئارەزووی دەستکەوتی هاوڵاتیان، یان دەستەبەرکردنی ناوەندێك بۆدەزگاو رێکخراوەکانی حزبی، هەروەها دەستکەوتنو هێنانەدی بەرژەوەندی دارایی[28].

---

[27] حوسێن بەشیریە: بەشداریی سیاسی وگەشەی سیاسی، رێبوار حەسەن (وەرگێڕانی لە فارسیەوە)، کوردستانی نویٚ – کاکێشان– (رۆژنامە)، ژمارە (5366)، سالّی نۆزدەهەم، (2010/12/29) ل10–11.

[28] د. بلقیس أحمد منصور: سەرچاوەی پێشوو. ل68

بەشداری سیاسی لەوەدا خۆی دەنوێنێ کە رۆڵە گرنگەکەی حزبی سیاسییە، چونکە هۆکارەکان پێشکەش بەهاولاتی دەکات بۆ رێکخستنی خۆیان لەگەڵ ئەو کەسانەی کە بەشداری بیرو راوو بیرۆکە یان رەوتێکی سیاسی دەکاتو خۆیان کۆدەکەنەوە بۆ مومارەسەکردنو کاریگەریی دروستکردن لەسەر دەسەلات، جا چ لەسەر ئاستی ناوخۆیی یان ئاستی نەتەوەیی بێت، بەمەش حزب دەبێتە یەکێك لە کەناڵەکانی پەیوەندی نێوان فەرمانڕەواو فەرمان بەسەرکراوداو یەکێکە لەو کەرەستانەی کە هاولاتی دەتوانێت بەشداری تێدا بکات لەژیانی گشتیدا، پاشان حزب دەبێتە چوارچێوەیەك کەرەستەیەك دەبێت بۆ بەشداریکردن.

(هنتگتۆن) گرنگی وپێگەیەکی جیاوازتر نیشان دەدات بۆ لایەنی دامەزراوەیی، بەتایبەتی ئەوەی پەیوەندیدارە بەحزبە سیاسیەکان لەبەدیهێنانی بەشداری سیاسی، لەبەر ئەوەی وای دەبینێ بەشداریو بیرکردنەوە کۆمەلایەتییەکان ئەگەر هاوسەنگیی پرۆسەی پڕکردنەوەی کۆمەلایەتیو بەشداری سیاسی لەدامەزراوەکانی هێزدا بەکار نەیەت، رەنگە ببنە مایەی نەمانی سیستەمی سیاسیو نەمانی ئارامیو بلاوبوونەوەی



خراپەکاریو توندو تیژی،. حزبە سیاسیەکان رۆڵێکی ئاشکرایان لەبەشداری سیاسیدا هەیە، چونکە بەیەکێك لەپشتگیریەکانی گەشەکردنی سیاسی دادەنرێت. چونکە حزبە سیاسیەکان هۆکارێکن کە لەرێگەیەوە جەماوەر بەشداری دەکەن لەسیاسەتو کۆدەبنەوە بۆ پشتیوانیکردن لەبەرنامە نەتەوەییەکانیان[29].

لەکاتی دامەزراندنی حزبە سیاسیەکاندا، مەسەلەی شەرعیەتی سیستەمی سیاسی خۆی دەسەپێنێ، هەروەها حزبەسیاسیەکان یەکێکە لەورێکخستنە سەرەکیانەی کە لەکۆمەڵگەدا وەك جۆرێك لەگەشەپێدانی سیاسی بۆ تاکەکان بونی هەیە، تاکو بتوانێت بەشدارییەکی کارا لەچاودێریکردنی حکومەتدا بکات.

(هنتگتۆن) بەشداری سیاسیو گەشەکردنی سیاسی پێکەوە گرێداوە، چونکە لەلای ئەو پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی ئەم سێ پێشکەوتنە دەگرێتەوە[30]:

- رێنیشاندان یان رێنمایی دەسەلات.
- جیاوازی لەئەرکە سیاسیەکاندا.
- ئامادەگی بۆ بەشداری سیاسی.

---

[29] د. بلقیس أحمد منصور : هەمان سەرچاوە

[30] هەمان سەرچاوە، ل29

لێرەدا هەوڵدەدەین تیشك بخەینە سەر کەرەستە و پایە تەقلیدیەکانی بەشداری سیاسی کە لەزۆربەی وڵاتانی جیهان، بەوڵاتانی پێشکەوتو و وڵاتانی پیشەسازی و وڵاتانی جیهانی سێ و ووڵاتانی تازە گەشەکردوو و هەروەها لەووڵاتانی دوواکەوتوشدا بونیان هەیە.

### . حیزبی سیاسی:-

(هنتگتۆن) پێی وایە حزبە سیاسیەکان لەوڵاتانی تازە پێگەیشتوودا، ڕۆڵێکی گرنگ لەو بوارەدا بگێڕن. چونکە حیزب لەرێگەی ئەو چالاکیە زۆرانەی ڕێکخستنی پرۆسەی بەشداریکردنو ڕاهێنان لەسەری دەیکاتو هۆشیاری دەدات واتا حیزب دەبێتە ئەو ناوەندە. ئەگەر بەشداری سیاسیو ئەوەی لەم دامەزراوە سیاسیە ئەکتیڤانە و پرۆسەی نوێ بوونەوەو گەشەکردنی سیاسی پێك بهێنێت ئەوا لەوڵاتانی ڕۆژ هەڵاتی ناوەڕاستدا چەند دامەزراوەیەك بەدیاردەکەوتن لەبەشدار بوون لەبەدیهێنانی برێك لەبەشداری سیاسی.

تەنیا بوونی حزب، گرەنتی نیە بۆ هێنانەدی بەشداری سیاسی، بەپێچەوانەوە هەندێك حیزبو سیستەمی حزبی



کار لەسەر پەکخستنی بەشداری سیاسی دەکەن، ئەمەش بۆپاراستنی دەستکەوتەکانی چینی دەسەڵاتدارە، هەروەها بۆ پاراستنی پێگەی کۆمەڵایەتیو ئابوری یان، بەمەش دواجار دەسەڵات لەژێر دەستی ژمارەیەکی کەم لەسەرکردەکاندا دەمێنێتەوە.

حزبە سیاسیەکان ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لەکارپێکردنو زیادکردنی ئاستی بەشداری سیاسی لەژێر سێبەری سیستەمی حزبە ڕکابەرەکاندا، لەبەرئەوەی بە چەندین ئەرك هەڵدەستن لەسەرووی هەموو شیانەوە[31]:

* دەستنیشانکردنی کاندیدەکان بۆ ئەرکەگشتیەکان: بەتێڕوانین لیبرالیزم ڕەنگەگرنگترین چالاکی حزبە سیاسیەکان بریتی بێت لە هەڵبژاردنی کاندیدەکان، کە پرۆسەی کاندیدکردن بە دیارترین قۆناغی هەڵبژاردنی بەڕێوەبردنە گشتییەکان لەدەوڵەتدا دادەنرێت. ئەزموونی وڵاتە دیموکراسیەکانی ڕۆژئاوایی نمونەیەکی بەرچاوە، لەوانەیە ئەمەش دەسەڵاتێکی متمانەپێکراو بداتە حزبە سیاسیەکان بەکاریگەربوونی لەسەر حکومەتەکانو سیاسەتە گشتیەکان. هەڵبژاردنی کاندیدەکان بەپێی

[31] هەمان سەرچاوە، ل29

سیستەمو ڕێکخستنێکی جیاواز دەکرێت. هەر بۆیە لەولاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکادا (هەڵبژاردنی سەرەتایی) هەیە, ئەمەش بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی حزبە بۆ هەڵبژاردنە گشتیە ڕاستەقینەکان، حزبە جەماوەریەکان بەرنامەیەکی تریان بۆ هەڵبژاردنی کاندیدی حزبی پەرەپێداوە ئەمەش لەکۆنگرە نیشتمانیەکانو ناوخۆیەکاندا دەکرێت، کە هەموو ئەندامانی حزب بەشداری تێدا دەکەن. جاچ بەشێوەیەکی ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەخۆ بێت، بەمەش پرۆسەی دیاریکردنی کاندیدەکانی حزب بەپێچەوانەی هۆکارەکان، پاڵنەرێکە بۆ ڕێزگرتن لەبنەمای نوێنەرایەتیو بەشداری جەماوەریی.

* بانگەشەی هەڵبژاردن: لەدوای هەڵبژاردنی کاندیدی حزب، پرۆسەیەکی تر دەست پێدەکات بۆ (تەمویل) پارەدارکردنو بەڕێوەبردنی هەڵمەتەکانی هەڵبژاردن، کە ئامانجی گرەنتی سەرکەوتنی ئەو کاندیدەیە، حزب ئاسانکاری دەکات لەپرۆسەی پەیوەندی ڕاستەوخۆ لەنێوان کاندیدە هەڵبژێرەوەکاندا، ئەمەش لەرێگەی:

* سازدانی سمینارو کۆبونەوەی گشتی.

* دەستەبەرکردنی ژمارەیەك کەسی خۆبەخش بۆ خزمەتی کاندیدەکانو هاوکاریکردنیان.



* ڕاڤەکردنی بەرنامەی هەڵبژاردن بۆ جەماوەر

* بانگەشەی بەردەوام بۆ هەڵبژاردن.

## . پرۆسەی دەنگدان:

ئەگەر بەشداری سیاسی یەکێك لە هەوڵەکانی خەباتی هاولاتیان بێت بۆ کاریگەری دروست کردن لەسەرسیاسەتی گشتی، ئەوا دەنگدان، یان بەشداریکردن لەپرۆسەی هەڵبژاردن یەکێکە لەئاماژە گرنگەکان بۆ پێوانەکردنی ئەو توانایە لەسەر کاریگەر بوون، ئەگەر لەهەمووشیان گرنگتر نەبێت، لەرووی تیۆریەوە دەنگدان ئامرازێکە بەدەست هاولاتیەوە بۆ چاودێریو بەشداریو کاریگەربوون، چونکە دەنگدەر توانای هەیە دەنگی خۆی بدات یان نەدات بەکاندیدەکە.

هەروەها پێشوازیکردن یان پێشوازی نەکردن لەسندوقەکانی دەنگدان هەڵوێستی دەنگدەر لەپرۆسەی هەڵبژاردندا ئاشکرا دەکاتو، ڕادەی هەستکردنو یەکدەنگیەکەیو نیازی بەشداریکردنی یان نەکردنی دەردەخات. دەنگدانیش توانا دەداتە دەنگدەر لەسەر کاریگەربون لەسەر دروستکردنی سیاسەتە گشتیەکان.

چونکه ئاماژەیەکە ئارەزووی هاولاتی بۆبەردەوامبونی سیاسەتێکی دیاریکراو یان بەپێچەوانەوە[32].

## □. گروپی فشارو ریکخراوەکانی کۆمەڵی مەدەنی

لەم سەردەمەدا بەیەکێك لەپایە گرنگەکانو ناوەندێکی بەهێز دادەنرێت بۆ بەشداریکردنی کۆمەڵانی خەڵك لەپرۆسە سیاسیەکانی ولاتدا، ئەم گروپو ریکخراوانە لەچەند ناوەندێکی کۆمەڵایەتی پێك دێن وەك سەنتەرو رێکخراوەکانی (خوێندکارانو لاوانو ژنانو ئەندازیارانو مامۆستایان) یان وەك گروپەکانی بەرگریکردنو پەرەپێدانی دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤ و دەیانو سەدان رێکخراوی تر کە لەناو هەناوی کۆمەڵگاوە سەرهەڵدەدەن، ئەم گروپو رێکخراوانە هەریەکەیان نوێنەرایەتی چین و توێژێکی دیاریکراوی ناو کۆمەڵگا دەکەن، هەریەکەیان لەدیدگاو بەرژوەندی

[32] کۆسرەت خدر: بەشداری سیاسی– ناساندن، کەناڵەکانی ، ئاستەنگەکانی و راسپاردەکان، سەرچاوە(گۆڤار)، ژمارە (11) تشرینی دووەمی 2010، ل22.



چینو توێژەکەیەوە بەرگری لەمەسەلەیەکی دیاریکراو دەکات، ئەمانە شێوازو کەناڵی هەمە جۆر بەکاردێنن بەرامبەر دەسەلاتی سیاسی لەپێناو گفتوگۆو وتوێژ کردن لەسەر مەسەلەچارەنوسازەکانی ئەو چینو توێژانە، ئەندامانی ئەو گروپو رێکخراوانە لەهەمانکاتدا ئەندامی کۆمەڵی مەدەنین، هەروەها لەرێگەی چالاکیە جۆرەبەجۆرەکانەوە بەشداری لەپرۆسەی سیاسی ولاتدا دەکەن. لەگەڵ دەسەلاتدا دەکەونە دانوستاندن لە پێناو رازیکردنیان بە جێ بەجێکردنی داواکانیان بۆ ئەوەی زۆرترین دەسکەوت بەدەست بێنن بۆ ئەو چین و توێژانەی کە ئەمان نوێنەرایەتیان دەکەن.زۆرجاریش لەرێگەی فشارەوە داواکانیان بەجێ دێنن (فشاری راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ) یاخود لە رێگەی فشاری رەسمی یان نا رەسمیەوە دواکانیان دەخەنە روو[33].

## □. رای گشتی:

یەکێك لەهۆکارە بنەڕەتیەکانە کە هاوکاری تاکەکانی کۆمەڵگا دەکات کە بتوانن گوزارشت لەراو بۆچونەکانی خۆیان بکەن، دەربارەی پرسە چارەنوسازەکانو هەروەها

[33] هەمان سەرچاوە: ، ل22.

ستراتیجیو سیاسیەکانو ئەمنی قەومی وڵات. بەبڕوای (لویس ویرس) رای گشتی بریتییە لە رێکخستنی تێروانینەکان دەربارەی ئەو مەسەلانەی کە کاریگەریان هەیە لەسەر ئەوانەی کە لەناوەندەکانی دەسەڵاتن و هەروەها بڕیار بەدەستن[34].

جیاوازی لەتێڕوانینەکاندا زۆرن دەربارەی کاریگەریو بەشداری رای گشتی لەدانانی سیاسەتە گشتییەکاندا، هەندێك پێی وایە کە رای گشتی کاریگەریی ئەوتۆی نییە لەسەر سیاسەتی گشتی بەهۆی ناجێگیریو ئاڵۆزی مەسەلە سیاسیە گشتییە بە یەکداچووەکاندا، هەروەها هەندێکی تر پێچەوانە بیردەکەنەوە وەکو (ئەلمۆند) کە بڕوای وایە بەشداریکردن وکاریگەری رای گشتی رۆڵی هەیە لەسیاسەتە گشتییەکانی کۆمەڵگا دیموکراسیەکاندا.

(جوفان وجور) دەڵێ: رای گشتی یەکێکە لە هێزە چالاکەکان لە هەموو سیستەمە سیاسیەکانداو هەر ئەویشە دەتوانێت مافە سیاسیەکان بچەسپێنێ بۆ هاوڵاتیانو، بەشێوەیەك کە هەر تاکەو مافی بەشداریکردنی هەبێت لەحوکمرانیکردنی خۆیدا لەبواری سیاسیو کۆمەڵایەتی

[34] د. صادق الاسود: الرأي العام ظاهرة اجتماعية وقوة سياسية، (بغداد: جامعة بغداد، 1993)، ص77



و ئابووریو بەشێوەیەکی گشتی لەسەرجەم کاروبارە گشتییەکاندا[35].

## راگەیاندن

راگەیاندن یەکێك لەو ئامرازە دیارو کارانەیە کە هاوڵاتیان بە زانیاری راستو واقیعی دەوڵەمەند دەکات، بەئامانجی پشتیوانیکردنی دروست بوونی رایەکی راستەقینە لەبەرامبەر کێشەو مەسەلە گشتیەکاندا بەتایبەتی لای ئەو کەسانەی کە رای جیاوازیان هەیە[36]، هەریەکە (د. احمد بدر)و (د. ابراهیم امام) لەسەر پێناسەی راگەیاندن کۆکن بەوەی کە رۆڵێکی ئاراستەکارانەی هەیە بە دەوڵەمەندکردنی جەماوەر بەزانیاری راست، بەمەبەستی کۆکردنەوەی ئەو جەماوەرە لەپشتی بیرۆکەیەکی دیاریکراوەوە یان رازیکردنیان بەو بۆچوونەی کە هۆکارەکانی راگەیاندن پێشکەشی دەکەن[37].

[35] هەمان سەرچاوە: ل415

[36] د. عصام سليمان الموسي: المدخل في الاتصال الجماهيري، الطبعة الخامسة (مكتبة الكتاني للنشر والتوزيع) ص23

[37] هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەرە

ئەمرۆ لە دنیادا راگەیاندنو پروپاگەندە مەبەستی گەیاندنی بیرۆکەیە بەجەماوەر یان تاکەکان ، هەرئەوەشە ئەرکی بنەڕەتی راگەیاندن[38]، بێ گومان پەیوەندیەکی جەوهەری هەیە لەنێوان راگەیاندنو سیاسەتدا، کە هیچان بێ ئەوەی دیکە نابێتو دەتوانین بڵێین کە تەواوکەری یەکترن، لەزۆر رووە کە بەردەوامی بە پرۆسەی گۆڕانی کۆمەڵ بەشێوەیەکی ئاشتیانە دەدەن. لەسایەی سیستمە دیموکراسیەکان ئەم دوو بوارە زۆر بەباشی کارلێك دەکەنو بەشێوەیەکی پۆزەتیڤانەو هەروەها دواجار دەبێتە هۆی کاریگەری دروستکردن لەسەر سیاسەتەکان لە کۆمەڵگادا، لەکۆتاییدا دەبێتە یەکێك لەو کەناڵەی کە بەشداری سیاسی پێ دەناسرێتەوە، چونکە راگەیاندن ئەو کەناڵەیە کە هاوڵاتیان ئاگادار دەکاتەوە لەسەرجەم رووداوەکان وپاشان هۆکارێکیشە بۆ ئامادەسازی هاوڵاتیانو چاودێرێکی باشیشە بۆ پرۆسە سیاسیەکان بە تایبەتی لەکاتی بەرێوەچوونی هەڵبژاردنەکاندا، کەزیاتر بایەخی ئەم

[38] د. محمد عبدالقادر حاتم: الرأي العام وتاثره بالاعلام والدعاية، ( القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب/1993)، ص 416



ئامرازانە دەردەکەوێ و هەر ئەم ئامرازانەش لەگەڵ سیاسەتدا ئاوێتەی یەکتردەبن[39].

### دامەزراوەی سەربازی :-

دامەزراوەی سەربازی یەکێکە لە گروپەکانی فشار هەوڵ دەدات کاریگەری دابنێ لەسەر دروستکەرانی بریارو بریاربەدەستان لەناو وڵاتدا، بەو ئاراستەیەی کە خزمەت بە بەرژەوەندییەکانو ئامانجەکان بکات، لەپێناو زیاتر ملیتاریزەکردنی (عسکرە)ی کۆمەڵگا. دامەزراوە سەربازییەکان هەوڵی کۆنترۆڵی سیستەمی سیاسی ودەرهاوێشتەکانی دەدەن کە لە دەوڵەتاندا بونێکی ئەکتیفی هەیە لەسەر دەسەڵاتی یاسادانو بەتایبەتی ئەو کاتانەی کە وڵات بە قەیرانو تێکچوونی بارودۆخ و جەنگە ناوخۆییەکاندا تێپەر دەبێت ، یان وڵات لە دۆخی داخوازی جیابوونەوەدابێت لەلایەن هەندێك گروپی رەگەزی ئایینی ومەزهەبیەوە، لەرێگەی هێزی سەربازییەوە هەوڵی کۆنترۆڵی وڵات دەدەن. دیارترین بەشدارانی دامەزراوەی سەربازی و دەستێوەردانی لەفەرمانرەوایدا زیاتر لەکودەتا سەربازییەکاندا بەرجەستە دەبێت، یاخود هەوڵدانێك بۆ بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات

[39] تارا عمر محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل77

که بەهۆی بەرزی توانای ڕێکخستن و پێگەی تەکنەلۆژی پێشکەوتووەیە، ئەمە سەرەڕای فاکتەرە هەرێمیو نێودەوڵەتیەکان[40] .

ڕۆڵی دامەزراوە سەربازییەکان زیاتر لە وڵاتە تازە پێگەیشتووەکاندا بەدەردەکەوێ بەهۆی بارودۆخی سیاسیو ئابووری و کۆمەڵایەتیەوە کە یارمەتی دەرە بۆ دۆخێکی ناجێگیرو دەستێوەردانی سەربازی سەرەڕای ڕەهەندی سایکۆلۆژیو سروشتی کەسایەتی سەرکردە سەربازییەکان کە هەموو ئەمانە دەبنە مایەی ئەوەی کە بەشدارییەکی کارای سەربازی هەبێت، سەرەڕای ئەوەی کە بەشداریەکی نیگەتیڤە، بەڵام لەهەندێك حاڵەتدا بە پۆزەتیڤ دەشکێتەوە، کە دەتوانین باشترین نمونەی زیندوو بهێنینەوە، کە ئاڵوگۆڕو گۆڕانکارییەکانی وڵاتی میسر کە دامەزراوەی سەربازی سەرەڕای بەشداركردنیان لەسەرەتای قەیرانەکاندا، بەڵام بەشداریەکی پۆزەتیڤانە بوو، بەتایبەت لە یەکلایکردنەوەی کێشەکاندا.

## □. توندوتیژی سیاسی

هەندێك لەلێکۆڵەرەوان، توندوتیژی سیاسی بەشێوەیەك لەبەشداری سیاسی دادەنێن، ڕەنگە توندوتیژی

40 هەمان سەرچاوە: ل79



خۆی لەچەند ئاستێکی جیاوازی بەشداریکردندا ئاشکرا بکات. بەوێنەیەکی ڕونتر لەڕێگەی دەربڕینی نارەزایی توندو کارە تێکدەرەکانەوە دەبێت، کەچی لەوانەیە لەڕێگەی ڕێکخراوە سیاسیەکانو نیمچە سیاسیە جیاوازەکانیش بەدیاربکەوێت، هەندێکیان توندوتیژیی بە هۆکارێك دادەنێن بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکانیان. ئەو تاکەش کە هەستێکی دوژمنکارانەی هەیە بەرامبەر بە کۆمەڵگا بە سیفەتێکی گشتی یان بەرامبەر سیستەمی سیاسیی بە سیفەتێکی تایبەتی، یان لەسەرجەم شێوەکانی بەشداری سیاسی پاشەکشە دەکاتو دەچێتە پاڵ خەڵکە بێ دەربەدەستەکانەوە، یان دەست دەکات بە بەکارهێنانی جۆرێك لەبەشداریکردن کە بەتوندوتیژی دەناسرێت.

(مولر ) ئاماژە بەچەندین شێوەی بەشداریکردنی توندوتیژانە دەدات وای دەبینێت کە توندوتیژی لەهەندێك شێوەی بەشداری سیاسی خۆی ئاشکرا دەکات وەك: خۆپشاندانی توندوتیژانە یان کارە تێکدەرەکان. هەروەها توندوتیژیی بە هۆکارێکی کارا دادەنێت بۆ

بەدیهێنانی ئامانجەکانی هەندێك ڕێکخراوی سیاسیو نیمچە سیاسی[41].

(گوردون) ئاماژە بەوە دەکات، کە حکومەتەکان بەشدار دەبن لەڕووودانی ئەو کارە توندو تیژیانەی کە لەدژی خۆیدا ڕوودەدەن، چونکە وەڵامی ئەو کەسانەی کە هەڵدەستن بەکاری توندوتیژی بریتییە لەوکارە توندیژیانەی کە دەرهەق بە دام و دەزگاکانی حکومەت ئەنجامی دەدەن.

هەروەها (میتراس‌و جویل)دان بەوەدا دەنێن، کە کارە توندوتیژەکان ساڵ بە ساڵ زیاتر دەبن بەرامبەر بەسیستەمەکانو کەسانی مانگرتووش زیاتر لەکۆمەڵە کەمینەکان پێك هاتوون، وەك خوێندکارانو ژنان. لای ( مسح بۆفالۆ)ش دیاردەکانی توندوتیژیو ناڕەزاییەکان ئەم شێوانە لەخۆدەگرێ[42].

- بەشداریکردن لەخۆپیشاندانە میللیەکانی شەقام.
- دەستکردن بەکاری تێکدەرانە وەك پاڵنەرێك، تا بەرپرسە حکومیەکان هەڵە سیاسیەکانیان ڕاست بکەنەوە،

[41] د. طارق محمد عبدالوهاب: سيكولوجية المشاركة السياسية مع دراسته في علم النفس السياسي في البيئة العربية، (القاهرة: دار غريب للطباعة والبنشر والتوزيع، 1999)، ص27.

[42] هەمان سەرچاوە، ل28



هەروەها دەربڕینی ناڕەزایی بەهێزو ئاشکرا، ئەگەر حکومەت کارێکی کردو بەناڕەوا بینرا.

ـــ ئامادەبوون لەکۆبوونەوەکانو دەربڕینی ناڕەزایەتیەکان.

- چوونەلای بەرپرسانی حکومی لەگەڵ دەستەیەکی نوێنەرایەتی بۆ دەربڕینی ناڕەزایی.

- ملکەچ نەبوون بۆ یاسا ستەمکارەکان

ئەنجامەکان دەریخستووە، ئەو کەسانەی هەڵدەستن بەو کارە توندوتیژو ناڕەزاییانە، بەکارێکی هەڵەو دژ بەحکوومەتی دانانرێت، بەڵکو بەیەکێك لەداواکارییە ڕەواکانی دادەنێن.

(شلیزنجر) رای وایە: هەندێك شێوەی توندوتیژی کە پاڵنەری سیاسی لەپشتەوەیە شیاووپەسەندکراوە. کۆ دەنگیەکیش هەیە سەبارەت بە لابردنی ئەو تێڕوانینە باوە بۆ ئەو جۆرە توندوتیژیە، چونکە بە ڕەفتارێکی نالۆژیکی دانانرێت. بەڵکو بەکارێکی ئامانجدار کە مەبەستی کاریگەربونە لەسەر بڕیارە سیاسیەکان، چ بەشێوەی ڕاستەوخۆ یان بەشێوەی ناڕاستەوخۆ، هەروەها کەناڵەکانی ڕاگەیاندنیش ڕۆڵێکی بەرچاویان لەپێکهێنانی بیرۆکەکاندا هەیە لەسەر دەسەڵاتو شەرعیەتو ناشەرعی بوونی ئەو کەسانەی نوێنەرایەتی دەکەن.

بەمەش واتا کەناڵەکانی ڕاگەیاندن بەشێوەیەك لەشێوەکان ڕۆڵێك دەگێڕن لەبەکارهێنانی توندوتیژی سیاسی لەوڵاتە دیموکراسیەکاندا[43].

بەڵام لەهەمووی گرنگتر ئەوەیە کەچۆن بتوانرێ، بەشداری سیاسیی کەلایەنێکی زیندووی هەر کۆمەڵگەیەكو دەرخستنی تەندروستبوونی ئەو کۆمەلگەیە دەردەخات لە ڕەهەندی پرۆسەکانی دروستکردنی بڕیارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتییەکان. پێویستە هەوڵبدرێتو تواناکان ڕێکبخرێ بۆئەوەی بەشداری سیاسی بخرێتە چوارچێوەی یاسایی خۆیەوەو ئەم چالاکییە مرۆییە بەیاسایی بکرێتو بەعەقڵیەتی بونیادنانی دامەزراوەیی مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. ئەم شێوازە لەکارکردن لەو بوارەدا بۆ هەرێمی کوردستان ڕاستە، چونکە لە قۆناغی ئێستادا هەست بەبوونی جوڵەیەکی لەو جۆرە دەکرێ کەبەشداریی سیاسیی بەهەموو ماناو ڕەهەندەکانیەوە بەیاسا ڕێکبخرێو ببێتە بابەتێکی دامەزراوەیی. بەڵام لەپرۆسەی سەرهەڵدانی خواستێکی لەو چەشنەدا، چەندین گرفت دێتە ئاراوە کە لەبەشەکانی تردا ئاماژەی پێدەدەین. کە واتە لێرەوە

43 . هەمان سەرچاوە، ل27–28



دەتوانین بڵێین کە گرنگیو بایەخی ئەم بابەتانەی خرانەڕوو لەوەدا خۆی دەبینێتەوە کەبەشداریی سیاسی ناتوانرێ ئەکتیف بکرێ بەبێ کاری شێلگیرانە لەچوارچێوەیەکی دامەزراوەیی بەمەبەستی گەیشتن بەئامانج، کە دواجار ئەوە لەبەشدارییەکی ڕێکخراوو بەیاسایی کراودا خۆی دەبینێتەوەو بەرجەستە ئەبێت. کە دەتوانین بەشدارییە دامەزراوەییەکە لەدوو ڕەهەندەوە تەماشا بکەین:

*چوارچێوەی یاساییو دەستووریی، کەئەویش لەچەند ڕوویەکەوە لێکدەدرێتەوە کەدیارترینیان یاسایی بوونی پرۆسەی سیاسیو هەروەها عەقڵانیەتی پرۆسەی سیاسیو گشتی بوونو بەردەوامیو جێگیری سیاسیە.

*ڕەهەندی کەلتووری، کەئەوەش پەیوەندی بەکۆی ئاستی هۆشیاری کۆمەڵگەو بەشێکیشە لە گەشەپێدانی سیاسی.

## باسی دووەم

# کەرەستە مودێرنەکانی بەشداری سیاسی

کەرەستە مۆدێرنەکانی بەشداری سیاسی کە جەوهەری پرۆسەی پەیوەندی سیاسیە لەکۆمەڵگادا، ئامانجی گەشەکردنی فیکری تاکەکانی کۆمەڵگایە لە سەرجەم روەکانەوە ، لەم سەردەمەدا شەپۆلەکانی جیهانگیری شۆڕشێکی هیناوەتە کایەوە کە زانایانی بواری زانستیی کۆمیونیکەیشن بە شۆڕشی زانیارییەکان یان تەقینەوەی زانیارییەکان یان لافاوی زانیارییەکان ناوزەدی دەکەن، ئەم شۆڕشانە دوو رەهەندی گرنگی بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگا دەستەبەر کردووە ئەوانیش (کات و شوێنە) زۆرترین کاتی کەمکردۆتەوەو دوورترین شوێنی نزیککردۆتەوە بۆ تاکەکان ئەمەش لەرێگەی تەکنەلۆجیای زانیارییەکانەوە کە گرنگترینیان ئامێری کۆمپیوتەرە کە لەرێگەی تۆڕی ئەنتەرنێتەوە بە تایبەتی



تۆری ( بلۆك ، فەیس بوك، یوتوب، تویتەر) هیچ بەربەستێکی کاتیو شوێنی بۆ کەس نەهێشتۆتەوە، هەربۆیە تاکەکان یان کۆمەڵانی خەڵك لەولاتە پێشکەوتوەکانو هەروەها ولاتانی پیشەسازی زۆر بەئاسانی لەرێگەی ئەم تەکنەلۆجیایەوە هاوبەشی یان بەشداری لە پرۆسەی سیاسیی ولاتدا دەکەن بەبێ هیچ کێشەو گیرو گرفتێك[44].

رادەی بەشداریکردنی هاوولاتی لەکاری سیاسیدا، بەپلەی یەکەم لەسەر گرنگیدانی هاوولاتی بە بارودۆخی سیاسی دەوەستێت، لەرووی مادی و مەعنەویەوە، کە باڵیان بەسەر کۆمەڵدا کێشاوە. لەکۆمەڵگە رۆژئاواییەکاندا بەشداری سیاسی بە ئەرکێکی مەدەنی دادەنرێت لەسەر هاوولاتیان جا هەرچەند بەشداریکردن زیاتربێت، بەڵگەیە بۆ دروستی کەشو هەوای سیاسیو پاراستنی زیاتری، بێجگە لەوەی بەشداریکردن بە باشترین هۆکار دادەنرێت بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی تاك.

[44] عەباس جومعە: کۆمیونیکەیشن، کۆمەڵی لێکچەرە پێشکەشی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کراوە، ساڵی خوێندنی (2009– 2010)، چاپنەکراوە.

جگە لەو شێوازانەی کە باسکران لەدنیای مۆدێرنـەدا شێوەیەکی تری لەشـێوەکانی بەشـداری سیاسـی دابـڕاو هەیە، کە تاکەکان خۆیان تێدا نقووم دەبن. ئـەویش ئـەو گفتوگـۆ سیاسـیە نـا فەرمیانەیـە، کـە تاکـەکان لەگـەڵ خێزانەکانیان یان لەسەر کارو لەنێوان تاکـەکان خۆیـان، ئەوانەی بایەخ دەدەن بەرووداوەکان ئەنجامی دەدەن، واتا دەتوانین بڵێن بەشدارییەکی رووکەشی و رۆتینیی یە.

زۆربەی جار ئـەو گفتوگۆیانـە لـەکاتی هەڵمەتـەکانی هەڵبــژاردن یــان لــەکاتی گیروگرفتــە سیاســیەکاندا روودەدەن، لەکاتێکدا ئەو گفتوگۆیانە رەنگە هەڵوێـستی خێزان یان هاوکارانت لەکار یان هاوڕێیانت هـانی بـدەن یـان دوای بخـەن واتـا دەتـوانین بڵـێین ئـەو گفتوگۆیانـە سەرەتایەکی بەرچاوە بۆ دەستپێکی بەشدارییەکی سیاسی.

هەروەها هەندێك لەتاکەکان رەنگە گفتوگـۆ لەگـەڵ کەس نەکـەن سـەبارەت بـە دۆسـیە سیاسـیەکان، بـەڵام لەوانەیە گرنگی بدەن بـەکاروباری سیاسـیو پارێزگـاری لــەو گرنگــی پێدانــە بکــەن، لەمیانــەی ســەیرکردنی کەناڵەکانی راگەیاندندا، بەمەش دەتوانن ئاگـاداری ئـەو رووداوانــە بــن، کــە لەدەوروبەریانــدا روودەدەنو رای تایبەتیش پێکـەوە دروسـت دەکـەن دەربـارەی چـۆنیەتی رێڕەوی رووداوەکان، کەچی ئارەزووی بەشداری ناکـەن



کــە زیــاتر ئــەو خاڵانــە یــان لەپرۆســەی دەنگــدان لەهەڵبژاردنەکاندا دەرئەکەوێ[45].

45 . طارق محمد عبدالوهاب: سەرچاوەی پێشوو، ل31.

# باسی سێیەم

# تایبەتمەندیەکانی بەشداری سیاسی

عەتا ئەحمەد لە تێزی ماستەرنامەکەیدا ئاماژە بە سێ تایبەتمەندی سەرەکی دەکات بۆ بەشداری سیاسی ئەوانیش[46]:

- کردار: بریتییە لەچالاکیو بزوتنەوەیەکی جەماوەری لەئاراستەکردندایە بۆ بەدیهێنانی ئامانجێك یاخود کۆمەڵە ئامانجێکی دیاریکراو لەناو کۆمەڵگادا.
- خۆبەخشی: لەرێی پێشکەشکردنی تواناکانی هاوڵاتیانی خۆبەخش و هەڵبژاردنیان لەسایەی

[46] عطا أحمد علی شقفة: تقدیر الذات وعلاقته بالمشارکة السیاسیة لدی طلبة جامعة القدس المفتوحة بغزة، رسالة مقدمة للحصول علی درجة الماجستیر في التربیة تخصص ( علم النفس السیاسی )، جامعة الدول العربیة –القاهرة–، قسم الدراسات التربویة_ علم النفس، معهد البحوث والدراسات العربیة، 2008



هەستکردنی بەهێزی ئەوانو بەپرسیارێتی کۆمەڵایەتی لەبەرامبەر مەسەلەکان و ئامانجە گشتی یەکانی کۆمەڵگاکەیاندا نەك لەژێر کاریگەری یان فشار و ناچارکردنیان.

- هەڵبژاردن: ئەمەش بەپێدانی ماف بۆ بەشداریکەران لەرێگەی پێشکەشکردنی هاوکاری و پاڵپشتیەوە بۆکاری سیاسیو سەرکردە سیاسیەکان و هەروەها زانینی قەبارەی ئەو پاڵپشتیە، ئەمەش لەرێگەی پشت راستکردنەوەی هەندێ حاڵەتی کاری سیاسیو هەوڵە حکومیەکان لەگەڵ بەرژەوەندیە راستەقینەکان و ئامانجە رەواکانی تاکەکاندا. بەڵام هەندێ لەتوێژەران دوورتر دەڕوانن و پێیان وایە بەشداری سیاسیی دەبێت خاوەنی کۆمەڵێك تایبەتمەندی بێت، بۆ ئەوەی پرۆسەی سیاسی لەوڵاتدا گەشە پێبکات. بەڵام هەندێکی تر پێیان وایە پرۆسەی سیاسی و بەشداری سیاسی لە هەر وڵاتێکدا خاوەنی تایبەتمەندی خۆیەتیو، دەکرێت لەهەندێ تایبەتمەندیدا بەشداری سیاسی چەند خاڵێکی هاوبەشی هەبێت بەڵام بەشێوەیەکی گشتی بەشداری

سیاسی خاوەنی چەند تایبەتمەندیەکە لەهەر وڵاتێکدا وەك[47]:

- بەشداری سیاسی رەفتارێکی ئارەزوومەندانەو ئیرادەییە، بەوەی هاوڵاتی پێی هەڵدەستێ، واتا هەست بەلێپرسراویێتی کۆمەڵایەتی کردنە بەرامبەر ئامانجو مەسەلە جیاجیاکان لە وڵاتدا.
- بەشداری سیاسی رەفتارێکی بەدەستهێنراوە (مکتسب) چونکە رەفتارێك نیە لەگەڵ مرۆڤدا لەدایك بووبێت یاخود بۆی مابێتەوە، بەڵکو پرۆسەیەکی بەدەست هێنراوە لەمیانەی ژیانی تاکدا، مامەڵەی لەگەڵدا ئەکرێو لەئەنجامی پەیوەندی تاكو دامەزراوەکانی کۆمەڵگادا دروست ئەبێ.
- بەشداری سیاسی بەرەفتارێکی پۆزەتیڤو واقعیانە تەماشا دەکرێ، بەو مانایەی کارو کردەوەکانی بەڵگەیە بۆ ژیانو واقیعو زیندوێتی تاکەکان، نەك تەنها

[47] عادل عەلی: ئاوڕدانەوەیەك لە چەمکی بەشداری سیاسی، کەلتور (گۆڤار)، ژمارە 1، ساڵی 2010،تشرینی یەکەم.



فیکرەیەکی دابڕاوو موجەڕەد بێتو تەنها لەچوار چێوەی تیۆریدا بمێنێتەوە.

- بەشداری سیاسی پرۆسەیەکی فراوانی کۆمەڵایەتی تەواو و فرە رەهەندەو ئامانجی بەشدارپێکردنی سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵە لەقۆناغەکانی (گەشە کردن، مەعریفە، تێگەیشتن، هۆشیاری، دانانی پلان، جێبەجێکردن، بەشداری، بەڕێوەبردن، دەست پێشخەریو بەشداری بەکردەوە) بۆ سودو قازانجی گشتی یە.
- بەشداری سیاسی جەماوەری تەنها لەشوێنێکی دیاریکراودا چڕ نابێتەوەو، پابەند نابێ بەسنورێکی جوگرافییەوە، یان تەنها لەچوار چێوەیەکی لوکاڵی یان هەرێمی یاخود نەتەوەییدا نامێنێتەوە.
- بەشداری لەیەککاتدا هەم مافەو هەم ئەرکە، مافە بۆ هەموو تاکێکی کۆمەڵو ئەركو وابەستەییە لەهەمان کاتدا. مافی هەر هاوڵاتییەکە بەشدار بێت لەگفتو گۆو مشتو مڕەکانی پەیوەندار بەخۆیەوەو مافی هەبێت دەستنیشانی نوینەرەکانی بکات بۆ پەرلەمان، یاخود مافی ئەوەی هەبێت خۆی کاندید بکاتو

گوزارشت لەبەرژەوەندییەکانی خۆی بکات لە هەر پرۆسەیەکی سیاسی ولاتدا.

لەیەك کاتدا بەشداری وەك هۆکارو ئامانج تەماشا دەکریٚ، هۆکاریٚکە جەماوەر پیادەی دەکاتو، ئامانجیٚکە زۆر کات هەولٚی بەدەست هیٚنانی دەدریٚ لیٚرەوە ئاشکرا دەبیٚت، کە بەشداری سیاسی سەرەڕای هاوبەشی لەهەندیٚك خەسلٚەتدا، بەلاٚم بەپیٚی گۆڕانکاری وتایبەتمەندی سیستمە سیاسیو ئابووریو کۆمەلاٚیەتییەکانی هەر ولاٚتیٚك گۆڕانی بەرچاوی بەسەردا دیٚتو تایبەتمەندی ئەو چوارچیٚوەو پانتاییە وەردەگرن.[48]

[48] هەمان سەرچاوە.

# بەشی سێیەم

## گرفتەکانی بەشداری
## سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا

أ. **گرفتی کەلتووری سیاسی** .

ب. **گرفتی یەکێتی نیشتیمانی ( الوحدة الوطنية )**
**( شوناس "الهوية" + الاندماج )**.

ت. **گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان**.

پ. **گرفتی گەشە پێدانی سیاسی**

ج. **گرفتە سیاسیەکان**. ا. گرفتی دەستوریی.

ب. گرفتی یاسای خۆپیشاندان، پ. گرفتی پرۆسەی هەڵبژاردن.

(سەدیم ئەلعەزی) دەڵێت: "بۆ ئەوەی بتوانین زاڵ بین بەسەر گیروگرفتی بەشداری نەکردن لەجیهانی سێیەمدا، ئەوا بێگومان دەبێت متمانە بگەڕێتەوە بۆ سیاسەت، ئەمەش پشت بە کۆمەڵە گۆڕانکاریەك دەبەستێت، کە بەشداری سیاسی بەرەونوێ بوونەوەو پڕبوون لەسیاسەتدا دەبات، بەبلاوبوونەوەی رۆشنبیری سیاسی کۆتایی پێدێت، هەروەها پێویستە بنەماکانی کۆمەڵگا نوێ بکرێتەوە، بۆ تێرکردنی لەڕووی ئابووری تا دەگاتە فێربوونو هۆشیارکردنەوە. هەروەها پێویستە ئەو رێو شوێنانە لەکەشو هەوای دەسەڵات بێتەدەر، بەمەش رێیو شوێنی گونجاو بڕەخسێت، هەر کاتێك بوار رەخسا لەبەردەم تاك بۆ بەشداریکردن لەبەرێوەبردنی کۆمەڵگەو رێکخستنیدا. ئەمەش لەڕێگەی بەدیهێنانی یارمەتیدانی خودو کۆمەڵەکانو بەستنەوەی بە ئاستی نیشتمانی، مەبەستیش لەم رێو شوێنانە ئەوەیە، کە تاك وا هەست بکات ئامادەبوونی لەسەر بەدیهێنانو بەرژەوەندی خۆیو بەرژەوەندی کەسانی ترەوە بەندە بە واتایەکی تر وا هەست بکات، چارەنووسی بەندە بە چارەنوسی



کۆمەڵگاکەیەوە. ئەوەی دواتریش بەندە بە چارەنووسی سەرجەم کۆمەڵگەو بە پێچەوانەشەوە[49].

جا بۆئەوەی ئەو رێو شوێنانە ناوەڕۆکی خۆی بگرێت، بێگومان دەبێت بەکەلتوری سیاسی ببەسترێتەوە، بەشێوەیەك وا لەتاك بکات ئەو ئینتمایەی هەیەتی بۆی، ئینتمایەکی ملکەچانە بێت، چونکە ئەو کەلتورە گوزارشت لەهەبوونی ئەو دەکات، نەك گوزارشت لەسەرکردایەتیەکانی کۆمەڵگا بە واتایەکی تر، ئەو هەوڵانەی بۆ لابردنی بیرۆکەی هۆگربوون بە گشت لەبری هۆگربوون بە بەشێك ـ سەرکردە یان حیزب ـ لەسەر ئەو بنەمایەی کە بەش ئەگەری لاچوونی هەیە لەکاتێکدا تاكو کۆمەڵگا ئامادەبوونێکی بەردەوامیان هەیە، بێجگە لەهۆشیارکردنەوەی تاك لەڕووی سیاسیەوە، پاشان وای لێدەکات زیاتر داوای بەشداریکردن بکاتو بواری زیاتری پێ بدرێت بۆ ئەوەی گوزارشت لەتواناکانی بکات.

[49] د. طارق محمد عبدالوهاب: سيكولوجية المشاركة السياسية مع دراسته في علم النفس السياسي في البيئة العربية، (القاهرة: دار غريب للطباعة والبنشر والتوزيع، 1999)، ص36.

(عەبدولهادی جەوهەری) وای دەبینێ، کە دیاریکردنی ڕێو شوێنەکان بۆ زاڵبوون بەسەر گیروگرفتی بەشداری نەکردن شتێکی ئاسان نیە، بەتایبەتی ئێمە لەبەردەم پرۆسەیەکی گۆڕانکاریدا ین لەڕەفتارکردن، ئەم پرۆسەیەش دەبەسترێتەوە بەگەشەکردنی کۆمەڵایەتیو سیاسیەوە، ڕێگاکانی گەشەکردنیش لەکۆمەڵگادا زۆرنو هەندێکیان پەیوەندیان بەخێزان یان دامەزراوە ئاینیەکان یان دامەزراوەکانی پەروەردەوە هەیە، هەندێکیان پەیوەندیان بە کۆمەڵگای گشتیەوە هەیە، لەگەڵ ئەمەشدا هێڵە سەرەکیەکانو پرۆسە ئیجابیەکان بۆ بەشداریکردن دیاری دەکات[50]:

### ا. گرفتی کەلتووری سیاسی

دیموکراسی کەلتورێکە بەسەر گەلاندا ناسەپێندرێ، بەڵکو پێداویستیەکە ئامادەسازی بۆ دەکرێ، لەرووی کۆمەڵایەتیو زەمینەسازیکردنو لەبەرچاوگرتنی خاڵە هاوبەشەکانو گیانی لێبوردەیی بۆ گەیشتن بە چارەسەری ناوەندی لەرێگەی قبوڵکردنی جیاوازیەکانو بەڕێوەبردنیان بەشێوەیەکی ئاشتییانە ئەمەش لەسایەی

[50] هەمان سەرچاوە، ل37–38



کەلتورێکی گشتییدا نەبێت جێ بەجێ ناکرێت. بەتایبەتی کەلتوری سیاسی کە بەشێکە لەکەلتوری گشتیو بنەمایەکە بۆ بونیادنانی کەلتورێکی گشتی، کە بوار دەرخسێنێ بۆ بەشداری هەموو گروپەکانی گەل بەبێ جیاوازی، ئەوەش دەبێتە مایەی دەستنیشانکردنی بەشداری لەژیانی سیاسیدا.

کاریگەری کەلتوریی سیاسی بۆ جێ بەجێ کردنی بەشداریەکی چالاك و فرسەتی بەشداری لە وەرچەرخانی دیموکراسیدا پەرەدەسێنێ لەکۆمەڵگادا، ئەمەش هەرکاتێك کەلتوری نیشتیمانی فەراهەم بوو.هەروەها جیاوازیەکان و دابەش بوونە تایبەتی یەکان تێ پەڕێندرا بە تایبەتی لە قبوڵکردنی راو و بۆچوونی یەکتری و ڕێگرتنو نەهێشتنی جیاوازیو ناکۆکیو دەرخستنی خاڵە هاوبەشەکان ئینجا بەشداری هەمووانو بەردەوامی کاروانی پرۆسەی وەرچەرخانی دیموکراسی، پێچەوانەی ئەوەش دابەشکردن و پارچە پارچەبوونی کەلتورو مامەڵەیەکی ناتەندروست دەبێتە مایەی لەناوبردنو نەخوێندنەوەو مل پێ کەچکردنی ئەوانی تر لەرێگەی هێزەوە کە دواجار کۆمەڵگەیەکی دەمارگیر دروست دەبێت. بەبەردەوام بوونی بارودۆخی لەوچەشنە دواجار دەبێتە مایەی گرفت لەبەردەم یەکبوونی نیشتیمانی کە

خۆی لەقەیرانی کەلتوریی و ناسنامە و تێکەڵاوبووندا دەبینێتەوەو سەرجەمیان بەگرفتی کەلتوریی ناوزەد دەکرێ[51].

هەموو ئەو گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتیانەی کە لەبواری ڕۆشنبیری و کەلتووریدا ڕوو دەدەن فاکتەرو هاندەرن بۆ پێکهێنانو دەرکەوتنی هێزی کۆمەڵایەتی نوێ. دیارە ئەم هێزانەش بەهۆی گەشەکردنی زەمینە جەماوەرییەکەیان چاو دەبڕنە بەشێك لەدەسەڵاتو لەناچاریو لەژێر فشاری ئەو هێزەدا دەسەڵات ناتوانێ داخوازیەکان پشت گوێ بخات، ئەمەش کاریگەری بەرچاو لەسەر سیستەمی سیاسی دروست دەکات.

بەرگریکردنی بەردەوامی بیرمەندانو سیاسەتمەداران لەچەمكو بەهاكانی ئازادیو دادپەروەریو هاوولاتی بوونو بەرژەوەندییە گشتییەكان، ڕۆڵێكی گەورەی هەبووە لە بوونی ئەو چەمکانە بەدیاردەیەکی کۆمەڵایەتیو داخوازی جەماوەریی. کە لەئەنجامدا ناراستەوخۆ کاریگەری هەبووە لەسەر زیادبوونی بەشداری سیاسیی، بەرگری بەردەوام لەو چەمکانە، لەهەمانکاتدا هۆشیاری کۆمەڵایەتیشی دروست کردووە.

51 تارا عمر محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل148



هەروەها ململانێو ناکۆکی بەردەوامی سەرکردە سیاسیەکانو ئاراستە فیکریو سیاسیە جیاوازەکانو هەوڵدان بۆ بەهێزبوونی پێگەی جەماوەریی، هەریەکە لەو ئاراستانە کاریگەری خۆی هەبووە لەسەر گەشەکردنی بەشداری سیاسی لەوڵاتدا. جگە لە ئەزموونەکانی مێژووی مرۆڤایەتیو زیادبوونی داخوازییە ئابوریو کۆمەڵایەتیو سیاسیەکانو هەروەها گەشەکردنی بوارەکانی تری ژیان، بەتایبەتی شەپۆلەکانی تەکنەلۆژیاو پەیوەندیکردن بووەتە مایەی بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاریو ئاگایی هاوڵاتیان لەنێوان ئەزموونەکانی وڵاتانداو هەروەها ئاڵوگۆڕو سوود وەرگرتن لەیەکتری، کە بووەتە کارێکی ساناو ئەمەش لەدواجاردا کاریگەری بەرچاوی داناوە لەسەر پرۆسەی بەشداری سیاسی لەوڵاتاندا[52].

### 2. گرفتی یەکێتی نیشتیمانی

بیرۆکەی یەکێتی نیشتیمانی بەبیرۆکەی دەوڵەت دەبەستڕێتەوەو تەنیا لەو چوارچێوەیەدا لێی تێدەگەین، کە بوونی یەکگرتوویەکی بەهێز لەنێوان هاوڵاتیانی ئەو دەوڵەتەدایە.

52 هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەرە

یەکێتی نیشتیمانی توانەوەی رەگەزە جیاجیاکانی دانیشتوانە لەیەکێتییەکی کۆمەڵایەتیدا، ئەویش نەتەوەیە، پاشانیش رێکخستنیەتی لەسیستەمێکی سیاسی دیاریکراو یان کۆکردنەوەی لەدەزگاکان یان دامەزراوەکانی دەوڵەتدا، یان رێکخستنی رەگەزەکانی دانیشتوان، ئەویش بەکۆمەڵایەتی کردنیانو خستنە بەردەمی رێکخراوی نێودەوڵەتی لەدەزگایەکی سەربەخۆی خاوەن بەرژوەندی نیشتمانی جیا لەدەوڵەتانی تر[53].

ئیشکالیەتی یەکێتی نیشتیمانی، ئیشکالیەتی زۆربەی سیستەمە سیاسییەکانو کۆمەڵگاکانە، کە وەك دەوڵەت بەدیارکەوتن پێش ئەوەی ببن بە نەتەوە. یان کۆمەڵگا سیاسیە هاورەگەزەکان. چونکە ئەو قەوارە سیاسیەی کە لەو سیستەمە سیاسیە و ئەو کۆمەڵگایانە دۆزرایەوە لەدوای گەیشتنیان بە سەربەخۆیی، زۆربەی جار هەر ئەوقەوارە سیاسییە، کە بەرژوەندیو سیاسەتە داگیرکەرەکان وێنەیان کردووە. ئەو کۆمەڵگایانەش دەبوایە لەگەڵ ئەم ژیانە نوێیە هەڵبکەنو لەگەڵیشیدا بگونجێن، سەرباری بێ باوەڕیو لاوازی لەهەندێك جاردا. بۆیە پرۆسەی بونیادنانی یەکێتی نیشتمانی

[53] هەمان سەرچاوە



بەهەوڵدانی سیستەمە سیاسیەکان لەبەدیهێنانی گونجاندنو تونودوتۆڵبونی پەیوەندی رەگەزەکانی میللەت لەناو چوارچێوەی قانوی سیاسیدایە. ئەمەش بە تێکەڵاوکردنی کۆمەڵەو گروپە جیاجیاکان لەگەڵ یەکتر بە تایبەتبەتی لەچوارچێوەی یەك سیاسەتدا، کە یەك دەسەڵاتی ناوەندیو بەو یاسایانەی کە هەموو هەرێمی وڵات لەژێر رکیفیەتی بەرێوەی ببات و لەسەر هەموو تاکەکانی کۆمەڵگا پەیرەوبکرێت.

لەبەرامبەر ئەوەشدا دیاردەی (ناکامڵ بوونی نیشتمانی) لەدەوری بیرۆکەی ناوەندی ئەخولێتەوە کە دەڵێت: لەناو کۆمەڵگایەکی بەهێزو پێکهاتە کۆمەڵایەتیەکانی فرە نەتەوە، تەوەرەکان لەکۆمەڵگەدا دابەش دەبن، ئەو دابەش بوونانەش رەنگە رەگەز یان زمان یان ئایینی یان خێڵ یان ئابووری یان کۆمەڵایەتی یان جوگرافیی بێت، وەکو باویشە زیاتر لەتەوەرێك بۆ دابەش بوون لەنێوان کۆمەڵە جیاوازەکاندا هەیە. یان ئەو دابەشبوونانەو پێکهاتە کۆمەڵایەتیە گرێ دراوەکان پێیەوە تا رادەی بەردەوامبوون لەخۆدەگرێت. رەنگە ئەو دیاردەیە ببێتە هۆی نەبوونی کۆدەنگی دەربارەی یەك ناسنامەیی لەکۆمەڵگەدا، هەروەها لەوانە ببێتە فرە پابەندبوونو دابەشبوون، کە رەنگە هەرەشەیەك دروست بکات بۆ

گیانی کۆمەڵایەتی ــ سیاسی، زۆرجاریش ناکامڵ بوونی نیشتیمانی نا کامڵیەکی تر لەخۆدەگرێت. وەك ناکامڵ بوونی بەهاو رەفتار، کە لێرەدا ئاماژەی پێ دەکەین، گرنگتریشیان[54]:

- فرەیی گروپە ئیتنی وزمانو ئایینو خێڵ و هاوسەنگی فرەیی لەنێوان ئەو کۆمەڵانەدا.
- قەبارەی ململانێکەرەکان، هاوکاریکردن لەنێوان ئەو کۆمەڵانەدا.
- قەبارەی توندوتیژی و ئاڵوگۆڕ لەنێوان سیستەمی سیاسیو کەمایەتیەکان.

4.نوێنەرایەتی کردنی سیاسی بۆ کۆمەڵە جیاوازەکان لەنوخبەی فەرمانڕەوادا.

[54] هەمان سەرچاوە



## أ. گرفتی ناسنامە

ئەم گرفتە پەیوەستە بەسەرهەڵدانی هەستێکی هاوبەش لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگادا، ئەمەش لەرێگەی ئاراستەکردنی ئینتیمایان بۆ یەك دەوڵەتی نیشتیمانیو دوور لەیەکە کۆمەڵایەتیە لاوەکیەکانی وەك ( ئایین، هۆز، عەشیرەت، رێکخراو، حیزب، ...هتد)و دواجار چەسپاندنی هەستی هاولاتیبوون لەلای تاکەکانی کۆمەڵگا.

ئەم گرفتە دەرئەنجامی هەستی نیشتیمانیە لەگەڵ بەها تەقلیدیەکانی کۆمەڵگا (خێڵو ئایین)و زاڵکردنی ئەو بەهایانە بەسەر هەستی نیشتیمانیو هاولاتیبووندا بۆ چارەسەرکردنی ئەم حاڵەتەش، پێویستە کەلتورێکی نوێ دروست بکرێو رێزیش لەتایبەتمەندییەکان بگیردرێت ئەمەش لەپێناو کارکردنو وابەستەبوون لەپێناو یەك ناسنامەی نیشتیمانیدا[55].

[55] د. غازي فيصل: التنمية السياسية في البلدان العالم الثالث، ( بغداد: مديرية دار الكتب للطباعة،1993)، ص82

## ب.   گرفتی شەرعیەت یان ڕەوایی

یەکێکە لەو گرفتەتانەی کـە دێتـە بـەردەم حکومـەتی ناوەندی لـەکاتی گرتنـە دەسـتی دەسەڵاتوچـونە سـەر حـوکم کـە زیـاتر پەیوەسـتە بەچـۆنیەتی بەدەسـتهێنانی دەسەڵات لەڕێگەی (هێز، هەڵبژاردن) یان تـەواوی ئـەو ڕێوشوێنانەی دەسەڵات پیادەی دەکـات بـۆ بـەڕێوەبردنی دام و دەزگاکان بۆ ڕازیکردنی گشت ئەندامانی کۆمەڵگا بـە هـەموو جیاوازەییەکانیـەوە، کـە ئەمـەش لـە پێنـاو بەدەستهێنانی شەرعیەت. چارەسەری ئەم گرفتـەش بەنـدە بـە توانـای دەسـەڵاتی سیاسـی بـۆ قەناعـەت پێکردنـی تاکەکان[56].

## ج. گرفتی بڵاوبوونەوە

هەنـدێك جـار بـەگرفتی بـەڕێوەبردن نـاودەبرێ و مەبەسـت لـەم گرفتـە لێهـاتوویی سیـستمی کـارگێری دەوڵەتە بۆ بڵاوبونەوە بەسەر گشت بوارەکانی ژیاندا. و هەروەها جێ بەجێ کردنی سیاسەتەکانی حکومـەت، کـە بەرپرسە لـە بـوونی دەسـەڵات بەشـێوەیەکی بـەردەوام و دروستکردنی هەستێك لای هاوڵاتیـان، لـەمـەر کـارایی و شیلگیریی ئەم دەسەڵاتە بۆ ئەنجامدانی کارەکانی ڕۆژانـە، تەنانـەت لـە شـوێنە دوور دەستەکانیـشدا، ئـەوەش دروسـتکردنی متمانەیـە لـەلای هاوڵاتیـان، کـە ئـەو سیستەمەی وڵات بەڕێوە دەبات بەهێزو توانایـەو هـەموو پێداویستیەکانی کۆمەڵگا دابین دەکات[57].

## د. گرفتی بەشداری

هۆکاری سەرەکی ئەم گرفتە  دەگەڕێتەوە بۆ زیادبوون و بەردەوامی ژمارەی ئەو تاك و دامەزراوانەی کە هەوڵی بەشداریکردن دەدەن لە دروسـتکردنی بریـاری سیاسـیدا لەبەرامبـەردا دەسـەڵاتی سیاسـیو توانـای گونجانـدنی فەلسەفەوسیاسەتو یاساو دامودەزگاکانی  خۆی نییە بۆ قبوڵکردن و وەڵامدانەوەی ئەم هەوڵانەی بە بێ ئـەوەی دەسـەڵات و دام ودەزگاکـانی دووچـاری حاڵـەتی نائاساییو مەترسی بکاتەوە.

زۆری بەرزبوونەوەی ئاستی داواکارییەکان کە قـورس دەبێت بۆ سیستەمی سیاسی وتوانای وەڵامدانەوەو ئـەنجام

[56] هەمان سەرچاوە

[57] هەمان سەرچاوە

نەدانی نییە و دواجار دەبێتە هۆی روخانی ئەو سیستەمە[58].

### ه. گرفتی تێکەڵاوبوون (الاندماج)

ئەم گرفتە هەوڵی چۆنیەتی رێکخستنی یەکە کۆمەڵایەتیەکان دەدات (رەگەز، ئایین، هۆز، حیزب، ئابووری، سیاسی...هتد) لە ناو قەوارەیەکی یەکگرتووی لەیەکچوودایە. ئەم گرفتە لەکاتی دروست بوونی ناڕێکیو ناهاوسەنگی ونایەکەسانی لە هەوڵەکانی چارەسەرکردنو گرفتی بڵاوبوونەوەو بەشداریو سەرنەکەوتنی دەسەڵات لەبەئەنجام گەیاندنی بەرنامەکانی دەبێت ، واتا دەسەڵاتی سیاسی وەڵامی بەردەوامی نابێت بۆ داواکارییە جەماوەرییەکان بە هەموو جیاوازییە چینایەتیەکان و نەتەوەیی و ئایینی و حیزبی... هتد.

### و. گرفتی دابەشکردن

ئەم گرفتە لە ئەنجامی ناڕێکیو ناهاوسەنگیو نایەکسانی لەدابەشکردنی سەروەت وسامانو خزمەتگوزارییەکانو رۆڵو پۆستەکان بەسەریەکەکانی

[58] هەمان سەرچاوە



کۆمەڵگاوتاکەکانیدا بەهۆی سیاسەتو ئاراستەکانی دەسەڵاتی سیاسیەوەیە، ئەمەش لەئەنجامی پلانو میکانیزمی هەڵەی سیستەمی سیاسی. چارەسەرکردنی ئەم گرفتە پێویستی بەفراوانکردنی دەستێوەردانی دەوڵەت هەیە لەرێگەی بەشدارپێکردنی کەسانی تەکنوکرات لەبەڕێوەبردنی ئەو دامودەزگایانەی کە بەرپرسن لەم دابەشکردنەدا[59].

لەکۆتاییدا دەتوانین ئەو راستیە بخەینە روو، یان ئاماژەی پێبدەین کە مەرج نییە تەواوی ئەم گرفتانە لە هەموو کۆمەڵگاکاندا وەك یەك بنو بە هەمان پلەبونیان هەبێت، یاخود لەکاتی سەرهەڵدانیان لەیەك بچن، بەڵام لەکاتی پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی ونوێ کردنەوەی سیستەمی سیاسیدا چەند گرفتێکی لەو چەشنە دێتە ئاراوە کە دەبنە قەیران بۆ دەسەڵاتی سیاسی هەربۆیە ئەگەر سەرنج بدەین لەهەرێمی کوردستان سەرجەم ئەو گرفتانە بوونیان نیە، بەڵکو بەشێکی کەمیان هەست پێ دەکرێ. بەڵام ئەزموون وەرگرتن لەئاڵوگۆڕەکانی دنیای مۆدێرنێتە بە فراوانکردنی مەوداکانی بەشداری سیاسی دەتوانرێ زاڵ بین بەسەر تەواوی گرفتەکاندا، ئەڵبەتە فراوانکردنو

[59] هەمان سەرچاوە

ڕێکخستنی بەشداری سیاسی لەڕێگەی بە یاسایکردنو بەدامەزراوەیی کردنی کۆمەڵگا دەبێت.

### 3.گرفتە ئابووری و کۆمەڵایەتیەکان

شیکردنەوەو لێکۆڵینەوەکان ئاماژە بۆ ئەوە دەکەن کە بونیادی ئابووری پەیوەندیەکی پتەوی بە پرۆسەی وەرچەخانی دیموکراسییەوە هەیە، لەراگەیاندنی جیهانی دەربارەی دیموکراسی هاتووە کە دانراوە بە ئەنجومەنی یەکێتی نێودەوڵەتی لەخولی شەستو یەکەمیندا، لە ئەیلولی ساڵی 1997 لە قاهیرە، لەبڕگەی (20) دەقەکەی لەسەر ئەوەیە کە (پرۆسەی دیموکراسی لە بونیادی ئابووریدا گەشە دەکاتو ئەو کارەش دەخوازێ لە کۆمەڵگادا جەختی لەسەر بکەنەوە بە بەکارهێنانی توانای گەشەپێدان لەسەر تێرکردنی پێداویستییە ئابووریە بنەڕەتیەکان بۆ دەستە وگروپەکان کەکەمترین چانسییان هەیە بۆ دەستەبەرکردنی تێکەڵاوبوونی تەواو لە پرۆسەی دیموکراسیدا. لێرەوە تێبینی دەکرێ کە کاریگەری بونیادی ئابوری لە تاقیکردنەوەی دیموکراسیدا ناوەرۆکەکەی بریتی یە لە بەشداری سیاسیی[60].

[60] هەمان سەرچاوە: ل129



لەپێناو جەختکردنەوەی کاریگەری بونیادی ئابووری لە پرۆسەی بەشداری سیاسی و دیموکراسیدا، (سیمور مارتن لیبست) جەخت دەکاتەوە لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە دەچنە پلەی باڵای دیموکراسییەوە، دیسان لەسەر پێوەری سامان و فێرکردن و گواستنەوە بۆ شار جەخت دەکەنەوە بەم شێوەیە[61]:-

ا.سامان:

ئەوەی پەیوەندی بە سامانەوە هەیە رۆڵێکی گەورە لە دەرخستنی جیاوازی چینایەتی لە کۆمەڵگادا لە نێوان (دەوڵەمەند و هەژار) دەبینێت، هەژاری دیارترین فاکتەری کۆسپ و تەگەرەیە بۆ بەشداری سیاسی، چ لەسەر ئاستی دەسەڵات بێت یاخود لەسەر ئاستی تاك.

لەسەر ئاستی دەسەڵات زۆربەی جار دەبێتە هۆی ململانێ، نەبونی ئامادەیی بۆ دەست هەڵگرتن لەدەسەڵات بە ڕێگەی ئاشتیانە ئەویش بە هۆی دەسکەوت و چوونە ناو ململانێی توندەوە، سەرەرای نەبوونی توانای دەسەڵات بۆ دەستەبەری یەکسانی ئابووری و یەکسانی سیاسی و هەژموونی کەمینەیەکی

[61] هەمان سەرچاوە: هەمان لاپەرە

دەوڵەمەند بەسەر زۆرینەی هەژاردا. لێرەوەیە کە هەژاری رەنگدانەوەی راستەوخۆی هەیە لەسەر کاروانی بەشداری جا لە رێگەی ئەوەوە بێت کە بێ دەربەستی یان چۆنیەتی بەشداری توندوتیژی و هەروەها زیادبوونی حاڵەتی نەبوونی و نا جێگیری بێت، لەبەر ئەوە بەشداری سیاسی پەرەدەستێنێ وچەوسانەوە و زۆرداری فەرمانڕەوا و هەروەها دەبێتە هۆی زیادبوونی هەژاری.

بەڵام ئەوەی پەیوەندی بە تاکەوە هەیە، لێرەدا وابەستەیەکی پڕمتمانە هەیە لەنێوان ئاستی بژێوی تاك و وراپەراندنی ئەرکی بەشداری بەردەوام، واتا پەیوەندی توند لە نێوان ئەو دوو حاڵەتەدا هەیە، هەژاری تاکەکان ناچار دەکات بۆ کارکردن و گەڕان بەدوای دابین کردنی پێداویستیە مادی یەکانی ژیاندا، کە دەستەبەری مانەوەیان دەکات. بێ بەش بوونی زۆرینەی هەژارەکان لە لانی کەمی فێربوون و لاوازی ئاستی رۆشنبیری هیچ بەرهەمێکی لێ ناکەوێتەوە جگە لە حاڵەتی نەبوونی بەشداری و بێ دەربەستی سیاسی کە رەنگە کاری نائاسایی لێ بکەوێتەوە.

بۆ سەلماندنی ئەوەی باس کراوە و ئاماژەی پێ کراوە لێرەدا پەیوەندیەك لە نێوان ئاستی نزمی داهاتی تاك لە سامان و بێزاری گەلە کە ئەو واقیعە بنەمایەکی



کۆمەڵایەتی دروست دەکات بۆ توندرەوی وتوندوتیژی سیاسی. دەتوانین کتومت لە هەرێمی کوردستان هەست بەو راستیە بکەین کەلە بارودۆخە خراپەکانی ئابووریدا ئاستی بەشداری سیاسی زۆر لەخوارەوەبووە.

### ب. فێرکردن:–

ئاستی فێرکردنی تاك کاریگەری گەورەی هەیە لە بەشدارییان لە ژیانی سیاسیدا، لەبەر ئەوەی فێرکردن یارمەتیدەرە بۆ بەرزکردنەوەی ئاستی هۆشیاری مرۆڤ و درك کردن بە ماف و ئەرکەکانی، هەروەها بۆ ئەوەی بتوانێ بەراورد بکات لەنێوان ئەو دیاردەو دەرکەوتانەی کە لەدەوروبەریدا هەیە و بتوانێ مامەڵەیان لەگەڵدا بکات و ئەوەی شیاوە دەست نیشانی بکات، کە ئەوەش زۆرتر لە پرۆسەکانی هەڵبژاردندا بەدیاردەکەون.

بەم شێوەیە بەشداری پێویستی بە دامو دەزگاکانی فێرکردن و رۆشنبیری هەیە کە تاکەکان ئامادە دەکات بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی سیستماتیکی ئەو پرۆسەیە ئەنجام بدەن.بۆ ئەم حاڵەتە لەهەرێمی کوردستاندا ئەو دام ودەزگا تایبەتمەندانە بوونیان نیە ئەگەر هەشبێ بە شێوازێکی سیستماتێك کار ناکات.

## ج.گواستنەوە بۆ شارەکان:-

شتێکی سروشتی یە کە فرسەتی فێرکردنو شارەزابوون بۆ هۆکارە پێشکەوتوەکانی ژیان دەگەڕێتەوە، سەرەرای فرسەتی کارو دەست راگەیشتن بۆ داهاتی بژێوی کە زۆری لە شارەکان دابین دەکرێ، نەك لە لادێ کاندا کە ئەوەش کارئاسانی بەشداری و وەرچەخانی دیموکراسییە، کەواتە دەتوانین بڵێین باری ئابووری و ژیانی شارەکان هەنگاوی بەرچاو و بەکردەوەی بۆ پرۆسەی بەشداری سیاسیی ناوە و راستەوخۆ رەنگدانەوەی هەیە لەسەر ئاستی بەشداری سیاسی و یەکێکە لەهەرگرفتە دیارەکانی بەشداری سیاسی.

لێرەدا گریمانەیەك هەیە کە دەڵێ گۆڕان بەرەو دیموکراسیی ئاسان دەبێت لەو کۆمەڵگایانەی کە لانی کەمی سەرکەوتنی تێدا بە دیهاتبێ لەهاوسەنگی نێوان بەرژەوەندییە کۆمەڵایەتیەکان، بە پلەی یەکەم و هەستکردن بەلانی کەمی ناسنامەی نیشتیمانی هاوبەش بە پلەی دووەم و بەرزکردنەوەی ئاستی داهاتی تاك بە پلەی سێهەم، بەلەبەرچاوگرتنی ئەو گریمانەیە باس لە گرفتە کۆمەڵایەتیەکان دەکەین، کە سێ تەوەری گرنگ لە خۆ



دەگرێ و پەیوەندی تۆکمەی بە بەشداری سیاسی و پرۆسەی گۆڕان و دیموکراسیەوە هەیە، بۆ گەڕان بەدوای ئەم گرفتانەدا دەبێت ئەو کۆمەڵگە فرەییانە بکەینە نمونە.

بۆ ئەم مەبەستە دوو ئاراستە هەیە کە ئاراستەی یەکەم وابەستەی ئاستی هەماهەنگیو چوونیەکی کۆمەڵگەو جێگیرییە، کە دانیشتیوانی خاوەن رەگوریشەی جیاوازن لە رووی (ئایینی و نەتەوەیی و زمانەوە)، ئاراستەی دووەمیش پەیوەستە بە ئاستی دابینکردنی هاوسەنگی و گونجان و یەکسانی لە نێوان دانیشتوان وفەراهەم کردنی لانی کەمی ئاستی ژیانێکی سەربەرزانە[62].

* گەشەکردنی شارەکانو بە پیشەسازی کردنو زیادبوونی خوێندنو خوێندەواری و سەرهەڵدانی چینو توێژەکانی (کرێکار، بازرگان، خاوەن پیشە ئازادەکان) بوونی ئەمانە و هێزی کۆمەڵایەتیو رێکخستنی ئەو هێزە بەپێی خواستی ئەو چینو توێژانەو دیاری کردنی چارەنوسی خۆیان بەوەی کە دەبێت بەشێك بن لەهێزی سیاسیو دەسەڵاتی سیاسی.

---

62 تارا عمر محمد: سەرچاوەی پێشوو، ل130

* سەرهەڵدانی چەمكو بەها مرۆییەكان كە بانگەشەی بەردەوامی بیرمەندانو نوسەرانو لایەنگرانی مافەكانی مرۆڤ بۆ بەهای یەكسانیو ئازادیو بەرژەوەندی گشتی كە بوونەتەمایەی دەوڵەمەندكردنو فراوانكردنی داخوازی بەشداریی لەپرۆسەی سیاسیدا.

* پێشكەوتنی هۆكارەكانی گواستنەوەو گەیاندن، بونەتە مایەی بڵاوبوونەوەی ئایدیای نوێ، دەربارەی دیموكراسیو بەشداری بەشێوەیەكی خێراو ئاسان[63].

### 4. گرفتەكانی گەشە پێدانی سیاسی:

لە ڕێگەی بایەخدانی لقەكانی زانستە كۆمەڵایەتیەكان بە مۆدێرنە و تەقلیدی و نوێگەری، زانایانی بواری زانستی سیاسەت ئەوەیان خستە ئەستۆی خۆیان، كە هەستن بەلێكۆڵینەوەو ڕاڤەكردن لە چوارچێوەی نوێكردنەوەی سیاسیدا، یاخود لەبواری گەشەپێدانی سیاسیدا، كە لە دوایدا لەزۆربەی لێكۆڵینەوەكاندا

[63] مركز الدراسات السياسية والإستراتيجية بالأهرام: دراسة تأصيلية لمفهوم المشاركة السياسية, http://www.4shbab.com/index.cfm?do=cms.conarticle&contentid=214&categoryid=388. الثلاثاء 30 يونيو 2009



گەیشتنە ئەوئەنجامەی كە كۆمەڵگەی نوێ بە كەڵەكەبوونی گەورەی مەعریفە دەربارەی دۆخی مرۆڤەكان جیا دەكرێتەوە هەروەها بڵاوبونەوەی ئەم مەعریفەیە لەناو كۆمەڵگادا.

هەریەكە لە(ڕۆبەرت وارد) و ( دانكۆرت ڕۆسۆ) وا دەڕواننە كۆمەڵگای سیاسی نوێ، كە كۆمەڵێك تایبەتمەندی لەخۆ دەگرێ، وا گریمانەی دەكەن كە بوونی نییە لە كۆمەڵگای سیاسسیە تەقلیدیەكاندا. ئەو تایبەتمەندیانەش بریتین لە[64] :

- پسپۆری كار لە نێوان بونیادی حكومیدا.
- فراوانكردنی قەبارە و ئاستی تواناكانی بڕیارە سیاسیو ئیدارییەكانو پشت بەستن بە ڕێیو شوێنی قەزایی و ڕێكخستن لەسەر بنەمای یاسایی نەك شەخصی.
- زاڵبونی ڕێوشوێنی عەقڵانیەت و عەلمانیەت لە پرۆسەی وەرگرتنی بڕیارە سیاسیەكاندا.

بەشێوەیەكی گشتی كۆمەڵگەی سیاسی نوێ بەبوونی دەسەڵاتێكی عەقڵانی جیا دەكرێتەوە، هەروەها بە بوونی

[64] إحسان عبدالهادي: قراءة في مفهوم التحديث و التنمية السياسية، نوێبوون ( مجلة)، العدد (3)، 2008

بەشداری جەماوەر و تواناكانیان بۆ بە دەستهێنانی بەشێكی زۆری ئامانجەكانیان[65].

لەولاتانی جیهانی سێهەمدا، ئەو ستراتیژیەتی بەشداری نەكردنەی كە فەرمانڕەواكان دروستی دەكەن، توانایەكی گەورەتریان پێ دەبەخشێ بۆ رووبەڕووبوونەوەی گیروگرفتەكانیان، فەرمانڕەواكانیش سیاسەتەكانی خۆیان بە كەمكردنەوەی فشارەكان بەڕێوەدەبەن، كە دەبێت وەڵامی بدەنەوە، ئەمەش بەسەپاندنی ستراتیژیەتی بەشداری نەكردن. (كنفر) جەخت لەسەر رەخنەكەی (هارولد لاسویل) دەكاتەوە لەسەر ستراتیژیەتی بەشداری نەكردن، یان هەروەك بەناوی (سیاسەتی خۆپاریزی) ناوی دەبات هەرچەندە جیاوازی هەیە لەگەڵ سیستەمەكان لەهەندێك حاڵەتدا، چونكە بەتێڕوانینی ئەو، سیاسەت نابێت بگۆڕدرێت بۆ پەرژینێكو كاربكات لەسەر نەمانی بەشداری كردن. (روبرت دال )ئەو هۆكارانە دیاری دەكات كە پاڵ بە تاكەوە دەنێت. بەویستی خۆی بەشداری سیاسی نەبێت كە بریتین لە[66]:

[65] هەمان سەرچاوە

[66] طارق محمد عبدالوهاب: سيكولوجية المشاركة السياسية مع دراسته في علم النفس السياسي في البيئة العربية، (القاهرة: دار غريب للطباعة والبنشر والتوزيع، 1999)، ص33–34.



- كەسێك بە پلەیەكی كەم بەشداری سیاسی دەكات ئەگەر ئەو قەرەبووەی لەو بەشداریكردنە دەستی دەكەوێت كەمتربێت بە بەراورد بەو قەرەبوكردنەوەی كە لەهەر چالاكیەكی تردا دەستی دەكەوێت.
- بەشداریكردن لەژیانی سیاسیدا كەم دەبێتەوە ئەگەر ئامانجە پێشنیاركراوە نوێیەكان هیچ جیاوازیەكی ئەوتۆی نەبێت لەوەی پێشووتری، بەمەش بەشداریكردنی كەسەكە لەواقیعدا هیچ گۆڕانێكی بەسەردا نایەت.
- بەشداریكردن لەژیانی سیاسیدا كەم دەبێتەوە ئەگەر كەسەكە گومانی لەئەگەری گۆڕانی بارودۆخەكەدا هەبێت، واتا متمانەی بەخۆیو بە تواناكانی وایلێدەكات بەشداریەكی كارای هەبێت لەسیاسەتدا. بەڵام ئەگەر زانی هەرگیز یان ئەستەمە گۆڕانكاری رووبدات، ئەوە بەشداری ناكات.

□. بەشداریکردن لەژیانی سیاسیدا کەم دەبێتەوە کاتێك کەسەکە دەزانێت بێ ئەوەی بچێتە ناو سیاسەتەوە ئامانجەکانی دێتەدی.

لەکۆتاییدا هەرچەندە ئاستەنگەکان زیاتربن لەبەردەم بەشداری سیاسی ئەوا رێژەی کاری سیاسی تاك کەم دەبێتەوە.

(عصام الدين حواس) جەخت لەوە دەکاتەوە، کە گرنگترین ئەو کێشانەی کە دەبێتە هۆی پاشەکشە لەڕەهەندی سیاسیدا ـ کێشەی (ناڕاستگۆیە) چونکە راستگۆیی گرنگترین خەسڵەتەو پەیوەندی بە ژیانی سیاسیەوە هەیە،گرنگ نیە چ جۆرە سیستەمێکی سیاسی باو هەیە، یان چ جۆرە سیستەمێکی ئابووری هەیە، بەڵام گرنگ ئەوەیە راستگۆو لۆژیکی بێت لەگەڵ خۆیو لەگەڵ خەڵك، گرنگترین هۆکارەکانی پاشەکشە لەڕەهەندی سیاسی بریتین لە:

- ئەو تێکەڵ بوونە باوەی لەچەمکەکان لەرووی تایبەتیو گشتییەوە پێکەوە هەیە، چونکە باوەڕێك هەیە کە لە دواجاردا دیموکراتیەت دەبێتە هۆی لێ نەپرسینەوەو دیکتاتۆریەت.



- کەشو هەوای دیموکراسی نایەتەدی، تەنیا سەربەبوونی راگەیاندنەکانەوە بێت، کە جێگەی هەموو بیروڕایەکی تێدا دەبێتەوە، چونکە تا ئێستا لای ئێمە راگەیاندنەکان گرفتەکانیان لەبەر هەندێك کۆتو پێوەند.

پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی بەشێوەیەکی گشتی بریتیە لەخولقاندنی بارودۆخێكو رەخساندنی مەرجەکانی هەماهەنگی لەگەڵ پێشکەوتنی دیموکراسیدا. گەشەپێدانی سیاسی لەکۆتاییدا ئامانجی ئەوەیە کە سیستەمێکی سیاسی بونیاد بنێو پرۆسەکان نوێ بکاتەوە بۆ ئەوەی ببێ بەسیستەمێکی هاوچەرخو پێشکەوتووی دیموکراسی[67].

گەشەپێدانی سیاسی، بەو جۆرەش قوتار دەبێت لەپاشماوەی دەسەڵاتی کلاسیکی کە تایبەتمەندیو بنەماکانی لەگەڵ بونیادی نوێدا ناگونجێ، ئەم دۆخەش خوازیاری بوونی پرۆسەیەکە، کە سیفەتی بەردەوامی رووبەروو بوونەوەی هەبێت لەگەڵ ئەو پاشماوانەی کە

[67] د. حميد حسين كاظم الشمري :

http://www.balagh.com/mosoa/eqtsad/ri07f615.htm

هێشتا کاریگەری نیگەتیڤیان لەسەر ئاراستەکانی تاكو کۆمەڵ هەیە.

باشترین نموونەش لەسەر ئەوە، پێویستی بەپرۆسەیەکی سایکۆلوجی پراکتیێکی هەیە بۆ ئەوەی تاکەکان بروا بەوە بکەن، کە حکومەت یەکێك لەئامرازەکانی میکانیزمی بەدەست هێنانی ئامانجو بەرژەوەندیو خواستەکانیانە. لێرەوە پێویستە بوارەکان بۆ گۆڕینی دامەزراوەکان فراوان بکرێتەوەو بەردەوامی بە گۆڕینی سیستەمی سیاسی بدرێ، بەشێوەیەك کە لای تاکەکان شیاوی رەزامەندی بێت لەسەر فۆرمە نوێیەکانی دەسەڵاتداریێتیو رێکخستنەکانو رێگا نوێیەکان بۆ ئاڵوگۆڕی دەسەڵات، لەپێناو چەسپاندنی بەکردەوەی دیموکراتیزم، پێویستە جەخت لەسەر بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی بکەینەوە، کە بریتیە لە: بەشداری سیاسی، فرەیی سیاسی دەستاودەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، پاراستنو رێزگرتن لەمافەکانی مرۆڤ. هەربۆیە لە هەرێمی کوردستانیش هەست بەو ململانێ و کێبرکێ دەکرێ، ئەم قۆناغەش بە ژانی لەدایك بونێکی نوێ ئەژمار دەکرێ بەرەو چەسپاندنی ئەم بنەمایانە.



### أ– گرفتە سیاسیەکان :

بەشی زۆری ئەو گرفتانە کە لە باسەکانی پیشودا باسکراون دەچنەخانەی گرفتی سیاسیەوە، تەنانەت بە گرفتە ئابووری وکۆمەڵایەتی و کەلتووریی و یاساییەکانیشەوە، چونکە خودی هەریەك لەو گرفتانە رەگێکی سیاسی یاخود هەژموونی سیاسەتیان بەسەرەوەیە، باسەکەی ئێمە قسەکردنە لەسەر گرفتی بەشداری سیاسی، هەربۆیە بۆ باسکردنی گرفتی بەشداری سیاسی زیاتر لەو باسانەی پێشوودا بەرجەستە دەبن. کەواتە لەروی زانستییو بابەتیەوە باشتر وایە گرفتی سیاسی وەکو باسێکی سەربەخۆ یان ناونیشانێکی جیا باس نەکەین.

کەواتە لێرەوە زیاتر جەخت لەسەر گرفتە زەقەکانی بەشداری سیاسی دەکەین لە هەرێمی کوردستان و دەستنیشانی تەوەرە سەرەکیەکان دەکەین کە بونەتە رێگر یاخود لانی کەم کار ئاسانی ئەوتۆ ناکەن بۆ زەمینە سازی بەشدارییەکی کارای سیاسی بۆ تاکەکانی هەرێمی کوردستان.

## ب ـ گرفتی دەستوریی

هەرێمی کوردستان وەك بەشێك لە وڵاتی عێراقی فیدراڵی، سەرەرای ئەوەی کە بەشێکی زۆری یاساکان لەبەر رۆشنایی دەستوریی عێراقی فیدرالیدا لەم هەرێمەدا پیادە دەکرێ، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا ئەم هەرێمە تایبەتمەندی خۆی هەیەو چەندین یاسای جیاجیای لەپەرلەمانەکەی خۆیەوە دەرکردووەو لەگەڵ ئەوەشدا پرۆژەی رەشنووسی دەستوریشی ئامادەکردووە[68]، جگە لەدیباجەکەی جەخت لەسەر دەسەڵاتی گەڵ کراوەتەوەو بە روونی هاتووە "گەل سەرچاوەی دەسەڵاتو رەوابونیەتی کە لەرێگەی دامودەزگا دەستووریەکانەوە پیادە دەکرێت". هەروەها لە مادەی شەشی برگەی دووەمدا هاتووە " نابێت یاسایەك دابنرێ ناکۆك بێت لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسیی " دیسان لە برگەی سێیەمدا هاتووە " نابێت یاسایەك دابنرێت ناکۆك بێت لەگەڵ ئەو ماف و ئازادیە بنەرەتیانەی لەم دەستورەدا هاتووە". پاشان لە ماددەی (19)دا لەبرگەی دووەمدا هاتووە" هەموو کەس مافی ژیانو ئازادیی هەیە، بەیاسا نەبێت نابێ هیچ

68 ماددەی (3)ی برگەی یەکەم لە پرۆژەی دەستوری هەرێمی کوردستان، چاپنەکراوە



کەس لێیان بێ بەش بکرێ یان لێی بەرتەسك بکرێتەوە " هەروەها لەبرگەی دەیەمدا هاتووە " هەموو کەس مافی ئازادیی دەربرینی هەیەو پێویستە ئازادیی رۆژنامەنووسی و هۆیەکانی دەربڕینو راگەیاندنو فرە لایەنی مسۆگەر بکرێ..." هەروەها دیسان لە برگەی (17) هاتووە " هەموو کەس مافی ئازادیی کۆبونەوەو پێکهێنانی کۆمەڵەو یەکێتیەکانی هەیەو دەسەڵاتەکانی هەرێم رۆڵ و سەربەخۆیی رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بەهێز بکرێو هەموو کەسێکیش بە پێی یاسا مافی خۆپیشاندان و مانگرتنی ئاشتیانەی هەیە" هەروەها لە ماددەی (18) دا هاتووە " ئازادیی دامەزراندنی حیزبەکان دەستەبەر کراوە بەپێی یاسا رێکدەخرێ...". پاشان لە ماددەی (21)دا هاتووە " لەهەردوو برگەی یەکەم و دووەمدا بە روونی باس لە بەشداری لە پرۆسەی هەڵبژاردن کراوە کە مافێکی سیاسی و یاسایی هەم بۆ دەنگدان و هەم بۆ خۆپاڵاوتن بۆپۆستە جیاجیاکان. هەربۆیە لێرەوە دەتوانین بڵێین لەبەر رۆشنایی ئەو برگەو ماددانەی کە لەپرۆژەی دەستووری هەرێمی کوردستاندا هاتووە، برێکی باشی دەستەبەری ئەو زەمینە سازییە دەکات کە هاوڵاتیان بتوانن بەشدارییەکی کارا بکەن لەسەرجەم بوارە سیاسیو ئابووریو کۆمەڵایەتیەکان.

دیسان گرفتەکە لەوێوە دەست پێ دەکات کە چۆن ئەو ماددە دەستوری و یاساییانە بخرێتە بواری پراکتیکیەوە. لە هەمووی زیاتر گرفتەکە لەوەدایە کە هێشتا دەستورەکە پرۆژەیەو بە تەواوی بە پرۆسەکانی بە دەستوربووندا نەڕۆشتوە، تا ئەم دەسەلاتەی هەرێمی کوردستان کاری لەسەر بکات و پاشان هاولاتیانی کوردستانیش ئاشنا بن بەوەی کە پێگەی ئەوان لە دەستووردا لە کوێدایە.

### ج - گرفتی یاسای خۆپیشاندان[69]:

یەکێکی تر لە دیاردەو ئامرازەکانی بەشداری سیاسی بریتییە لە خۆپیشاندان و مانگرتن، لەسیستمە دیموکراسیەکاندا ئەم مافە لەچوارچێوەی یاسادا ڕێکخراوە و تاك و گروپەکانی کۆمەڵ لێ بەهەرەمەند دەبن. لەولاتانی تازە پێگەیشتووشدا وردە وردە خەریکە ئەم دیاردەیە وەکو مافێکی سیاسی و یاسایی جێگیر دەکرێت، ئەڵبەتە دوای خەبات و تێکۆشانێکی زۆری گەلانی ئەو ولاتە توانیویانە بگەنە ئەو قۆناغەی کە بەشێکی زۆری

[69] بروانە سایتی پەرلەمانی کوردستان (یاسای خۆپیشاندان) : www.perleman.org



مافەکانیان لە دەستور و یاساکاندا بچەسپێنرێ. هەربۆیە لە هەرێمی کوردستانیش ئەو هەوڵە بەردەوام بووە کە پرۆژەی جیاجیا لە ئارادایە بۆ ڕێکخستنی مافە سیاسی و مەدەنیەکان وریکخستنی بە بەیاسا، یەکێك لەو یاسایانەی کە لە هەرێمی کوردستاندا زۆرترین کفتوگۆ و خوێندنەوەی جیاوازی بۆ کراوە. بەهۆی ئەوەی کە ئەم یاسایە پەیوەندی ڕاستەوخۆی هەیە بە چەمکی بەشداری سیاسی و ڕێکخستنی یەکێك لە ئامرازەکانی بەشدارییە، بۆیە دەبێت لێرەدا ئاماژەی پێبدرێ لە ماددەی دووەم و لە بڕگەی یەکەمی یاسای خۆپیشاندانی ژمارە (11)ی ساڵی 2010 دا هاتووە کە " خۆپیشاندان مافێکی دەستووریە و بە پێی یاسا پیادە دەکرێ" ئەم یاسایە کە لە (17) مادە پێکهاتووە، جگە لەوەی لە ماددەی دووەم بە ڕونی خۆپیشاندانی بە مافێکی دەستوریی و یاسایی داناوە، بەلام لە هۆیەکانی دەرچوونی ئەم یاسایەدا هاتووە: " لەبەر ئەوەی خۆپیشاندان مافێکی دەستوریە بۆ مسۆگەرکردنو بەدیهێنانی ژیانی دیموکراسی پاراستن و هەڵسوران بەرەو کۆمەڵگەیەکی مەدەنی وریزگرتن لە ئازادییەکان و مافەکان لەپێناو مسۆگەرکردن و گوزارشتکردنی جەماوەر لە خواستی ڕەوای بەشێوەیەکی ئاشتیانە و ڕاستەوخۆ و دوور لەپیشێوی نانەوەو پاراستنی

بەرژەوەندی گشتی و تایبەت، لە زەرەروزیانو ڕەچاوکردنی پرەنسیپ و ڕێساکانی نێودەوڵەتی تایبەت بە ماف و ئازادییەکانو لەبەر ئەوەی یاسایەکی تایبەت بە ڕێکخستنی خۆپیشاندان و مانگرتن و پەناگیری نییە، ئەم یاسایە دەرچوێنرا. ئەم مافە لەم یاسایەدا بەپێی ماددەی دووەم، بڕگەی یەکەم و هۆکاری دەرچوونەکەی زۆر بەباشی بەرجەستە کراوە لەبارەی چۆنیەتی بەڕێوەچوونو میکانیزمەکانیەوە ژمارەیەك ڕێووشێن گیراونەتەبەر کە بە ئاشکرا مافی خۆپیشاندان دەخاتە ژێر پرسیارو بوارەکەی بەرتەسك دەکاتەوە، بەوەی دەسەڵات دراوەتە دەست سەرۆکی یەکە ئیدارییەکان لە پارێزگار و قایمقام وبەڕێوەبەری ناحیە، کە مۆڵەت بدەن بەو خەڵکانەی کە داوای خۆپیشاندان دەکەن، ئاشکرایە لە کوردستان بە حوکمی هەژمونی عەقڵیەتی حیزبی ئەو دەسەڵاتە کە دراوە بە میزاجی کەسی یەکەم و لەبەرژەوەندی حیزبیی پیادە دەکرێ، دواجارئەو مافە وەکو مافێکی سیاسیو یاساییی ناوەڕۆکەکەی لە دەست دەداتو دەبێتە شتێکی رووکەش و لەچوارچێوەی دروشم تێپەر ناکات بۆ مەیدانی کردەوە. لە هەمووی گرنگتر گرفتەکە لەوەدا یە ئەو یاسایە خوێندنەوەو ڕاڤەی جیاجیای بۆ دەکرێ، کە



ئەوەش کەلێنێکی یاساییەو نابێت دەقی یاسایی شرۆڤەی زۆر هەڵبگرێ.

### ه ـ گرفتی پرۆسەی هەڵبژاردن[70]:

هەروەك لەبەشەکانی دیکەدا ئاماژەمان پێکرد بەشداری سیاسی تەنها لەژێر سایەی سیستمێکی دیموکراتیدا ڕێچکەی خۆی وەردەگرێ، واتا بەبوونی دیموکراسی سیاسی و کۆمەڵایەتی کە پێویستە دیموکراتی بێتو یاسا تێیدا سەروەر بێت، چونکە بەشداری سیاسی واتا هاوبەشیکردنی هاوڵاتیان کە رۆڵیان هەبێت لەچوارچێوەی سیستمی سیاسیدا بەمەبەستی کاریگەریی دروستکردن لەسەر پرۆسەی دروستکردنی بریارە فەرمیەکان، جا ئەو بەشدارییە بە گروپ یاخود بەتاك ڕێکخراو بێت یاخود خۆرسکی بێت و بەردەوام یان پچڕ پچڕ بێت گرنگ ئەوەیە کاریگەری بەرچاوی هەبێت.

یەکێك لەو دیاردانەی کە بەشداری سیاسی پێ دەناسرێتەوە هەروەك لەبەشی یەکەمیشدا رونکراوەتەوە، دیاردەی هەڵبژاردنە و ئەو چالاکیە بە یاسا ڕێکخراوە،

[70] بروانە سایتی پەرلەمانی کوردستان (یاسای هەڵبژاردن) : www.perleman.org

ئەو یاسایەش خزمەت بە هاوڵاتیان دەکات وکارئاسانی دروست دەکات، ئەویش بە رەخساندنی هەلی یەکسان بۆ بەشداریکردنی دەنگدان و هەروەها چاودێری کردنی چۆنیەتی بەرێوەچوونی پرۆسەی هەڵبژاردن و دواجار جیاکردنەوەی دەنگەکان.

ئەگەر نمونەی هەرێمی کوردستان ویاسای هەڵبژاردنەکەی وەربگرین تا بزانین ئەو یاسایە تا چ رادەیەك کارئاسانی و خزمەت بە پرۆسەی کاراکردنی بەشداری سیاسی کردووە. یاسای ژمارە (2)ی ساڵی 2009، لەو یاسایەدا کە هەندێك بڕگەو ماددەی هەموارکراوە، جەخت لەسەر بەشداری سیاسی کراوەتەوە، بەپێی یاساکە هیچ جۆرە رێگری‌و کۆسپێك لەبەردەم پرۆسەی هەڵبژاردندا نییە، کە یەکێکە لە روخسارەکانی بەشداری سیاسی، ئەوەی کە تێبینی دەکرێ تەرجەمەکردنی ئەو یاسا و رێسا و رێنماییانەیە بۆ زەمینەی پراکتیکی و چۆنیەتی مامەڵەکردنە لەتەك ماددە و بڕگەکانی یاخود لێکدانەوەی بە جۆرێك کە لەگەڵ بەرژەوەندی ئەو تاك و گروپانەدا بگونجێ. بەڵام بەردەوامی پرۆسەی هەڵبژاردن و کردنی بە مەسەلەیەکی ئەخلاقی‌و شۆڕکردنەوەی بۆ جومگەکانی ناو کۆمەڵگاو بەردەوامی و چاودێریکردنی وردی پرۆسەی هەڵبژاردن و



کارکردنی شێلگیرانە بۆ لەیەك جیاکردنەوەی هەر سێ دەسەڵاتەکەی یاسادانان و جێ بە جێکردن و دادوەری، دواجار گرەنتی ئەوەمان دەداتێ کە یاساکان وەکو خۆیان کە هەن پیادە بکرێن، لە کۆتایدا دەتوانین بڵێین کە گرفت لە خودی یاساکاندا نییە بەڵکو گرفتەکە لە ئاستی هۆشیاری و خوێندنەوەکانیەتی بە میزاجی گروپەکان.

بۆ ئەوەی بەشداری سیاسی بە شێوەیەکی ئەکتیف رۆڵێکی کارا بگێڕێت لە ناو کۆمەڵدا و هەروەها بتوانێت خۆی لە سەرجەم گرفت و بەربەستەکان رزگار بکات پێویستە کۆمەڵێ رێو شوێن و میکانیزم بگرێتە بەر بۆ ئەوەی زۆرترین کاریگەریی لە سەر کایە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا دروست بکات لەوانە[71]:

- دروستکردنی کەناڵەکان، لەو رێگەیەوە بەشداریکردن ئیجابی دەبێت نەك رووکەشی، ئەنجوومەنە ناوخۆییەکانی هەڵبژێردراویش بەهەڵبژاردنێکی راستەوخۆ و پاك دادەنرێت. هەروەها رێکخراوە

[71] د. طارق محمد عبدالوهاب: سيكولوجية المشاركة السياسية مع دراسته في علم النفس السياسي في البيئة العربية، (القاهرة: دار غريب للطباعة والبنشر والتوزيع، 1999)، ص36.

مەدەنیەکان بە کەناڵی شەرعی دادەنرێت بۆ هاندان لەبەشداریکردندا.

□. دانانی یاسای پێویست، گرەنتی دەداتو جەخت لەسەر پاراستنی بەشداریکردن دەکاتەوە.

□. دانانی ستراتیژیەتی کۆمەڵایەتی کەکار بکات لەسەر لابردنی کۆسپەکانی بەشداریکردن.

□. کارکردن لەسەر هەبوونی بەهای کۆمەڵایەتی، کە کار بۆ بەدیهێنانی خۆگونجاندن لەکۆمەڵگا دەکاتو یارمەتیدەرە لەدروست کردنی کۆمەڵگایەکی تەواو بەشداربوو، ئەمەش لەڕێگەی ئامرازەکانی راگەیاندنو حکومەتی ناوخۆیەوە دەبێت.

□. یارمەتیدانی خەڵك بۆ بەشداریکردن لەڕێگەی راهێنانو فێربوون، پێویستیشە ڕێبازی فێربوون ئاڕاستەکانو بەهاکان بگرێتەوە.

□. قووڵبوونەوەو جەخت کردنەوە لەمومارەسەکردنی دیموکراتیانە، لەڕێگەی ڕێزگرتن لەڕای هاووڵاتیو بەشداریپێکردنی لەدروستکردنی بڕیاردا.

□. جەخت کردنەوە لەسەر بنەمای دادپەروەریو یەکسانی لەنێوان سەرجەم هاووڵاتیاندا لەمافو



ئەرکەکانیانو جیاوازی نەکردن لەنێوانیانداو هەموو لەبەردەم یاسادا وەك یەك وابن.

□. جەخت کردنەوە لەزەرورەتی دابینکردنی پێویستە سەرەکیەکان بۆ هاووڵاتی لە شوێنی نیشتەجێبوونو تەندروستیو فێربوونوپەروەردە و هەلی کارو ئازادی رادەربڕین، هەموو ئەمانە لەبەرچاو بگیرێتو ببێتە یەکێك لەئەولەویەتەکانی پلانی گەشەکردن.

□. ئامادەکردنی کەشێکی گشتی، تا ببێتە پاڵنەرێك بۆ زیاترکردنی بەشداریکردنی ئیجابی لەڕێگەی زیادبوونی ئازادی سیاسیو کردنەوەی دەرگاکان لەبەردەم هەمووواندا وەك یەك.

10. دانانی پلانێکی داڕێژراو بۆ لەناوبردنی نەخوێندەواری بەهەموو شێوازەکانیەوە.

11. ئامرازەکانی راگەیاندن پلانێك دابنێنو فەلسەفەیەکی راگەیاندنیان هەبێت، کە تێدا تاك هەست نەکات زیندانی چوارچێوەیەکی دیاریکراوەو لەناو بازنەیەکدا دەخولێتەوەو تێی ناپەڕێنێت. رەخساندنی هەل بۆ تیۆری فیکریو سیاسی جیاواز بۆ دەربڕینی بیروڕاکانیان.

12. لابردنی یاسا پێوەندکراوەکان بۆ ئازادیو کارکردن بۆ دروستکردنی متمانەی زیاتر لەنێوان فەرمانڕەواکانو فەرمان بەسەردا کراوەکاندا.

13. دانانی ستراتیژیەك بۆ کارە رۆشنبرییەکانو پشتیوانیکردن لەرۆشنبیری جەماوەریی، ئەو ستراتیژیەتەش جێبەجێ بکرێتو بە توانا مادیەکانو مرۆیەکان پشتگیری لێ بکرێت.

14. کارکردن بەهەموو شێوەیەك تا هاوولاتی هەست بە ئارامی بکات، کاتێك رای خۆی دەردەبڕێتو تووشی سزادان نەبێتەوە ئەگەر رای خۆی دەربڕی، جا چ لەگەڵ حکومەت هاوڕا یان جیاوازبوو.

پاش رونکردنەوەی ئاستەنگەکان بە شێوەیەکی گشتی دەگەینە ئەو دەرئەنجامە کە ئاستی خوێندەواری رادەی هۆشیاری و بەرزی ئاستی ئابووری وبوونی ئارامی سیاسی، لەو ئامرازانەن کە دەتوانن سەرلەبەری گرفت و ئاستەنگەکان کەم بکەنەوە یاخود لەناوی ببەن.بەرجەستەکردنی ئەو خاڵانەی کەوا دەستنیشانمان کردوون لە هەرێمی کورردستان دەبێتە فاکتەری سەرەکی بۆ کاراترکردنی بەشداری سیاسی.

# دەرئەنجام

به لەبەرچاوگرتنی ئەو راستیانەی کە لەبەشەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیە خراوەتە روو، دەگەینە چەند دەرئەنجامێك سەبارەت بەکێشەی بەشداری سیاسیو لەهەرێمی کوردستاندا. سەرەڕای بوونی چەندین رێوشوێن لەوانە بوونی یاسای پارتو کۆمەڵەکانو یاسای هەڵبژاردنو لەسەررووی هەموویانەوە رەشنوسی دەستور، هەروەها چەندین رێنماییو یاسای کارپێکراوی تر. لەگەڵیشدا بوونی چەندین دامو دەزگای مەدەنی دیکە کە سەرجەمیان ئاماژە دەکەن بۆ بوونی ئازادی و بەشداری سیاسی بەلاّم لەڕاستیدا هێشتا ئەم چەمکە وەکو چەمکێکی سیاسیو مەعریفی نەبۆتە پرسێکی گشتگیرو بەشێوەیەکی یاساییو دامەزراوەیی نەخراوەتە چوارچێوەی پراکتیکییەوە. هەربۆیە لێرەوە دەگەینە چەند ئەنجامێك کە پێویستە:

- مەوداکانی ئازادی بەشداری سیاسی لە هەرێمی کوردستاندا لە ئاستێکی نزمدایە.



- هەموو چالاکیە سیاسیو فەرهەنگییەکان کە بەشێکن لەبەشداری سیاسی بەیاسا رێکنەخراوە.
- پرسی بەشداری سیاسی نەکراوەتە ئەرکێکی نیشتمانيو ئەخلاقی لە هەرێمی کوردستاندا.
- بەشداری سیاسی وەك یەکێك لەسیماکانی دیموکراسی تەماشانەکراوە.
- هەست نەکردن بەگیانی لێپرسراوێتی، چونکە بەشداری سیاسی پێش هەموو شتێك لێپرسراوێتییە.
- رۆڵی تاك زۆر بەرجەستەنەکراوە لەناو کایە جیاجیاکانی بواری فەرمیو نا فەرمی لە هەرێمی کوردستاندا.
- بەشداری سیاسی چوارچێوەیەکە بۆ دەستپێشخەریو داهێنان کە هێشتا ئەو زەمینەیە لە کوردستاندا نەرەخساوە.
- ئازادیو دیموکراسیو مافەکانی مرۆڤو یاسا بنەڕەتییەکانی ژیان وەك ئاشتیو ئارامیو خۆش گوزەرانی لەئامانجەکانی بەشداری سیاسییە، یاخود لەئەنجامی بەشداری سیاسیەوە بەدەست دێت، ئەمەش لەقۆناغی سەرەتایدایە لەکوردستاندا.

- گیروگرفتەکانی بەردەم بەشداری سیاسی تەنها بە یاسا چارەسەر ناکرێ بەڵکو لە ئاستی هۆشیاری سیاسیو کەلتوری لە هەرێمی کوردستاندا بایەخی پێ نەدراوە.
- قوڵ کردنەوەی گیانی تەباییو یەکتر قبوڵ کردن زەمینەی گونجاون بۆ کاراکردنی بەشداری سیاسی.
- جێگیرکردنی چەمکی هاوڵاتی بوون تەکانێکی بەرچاو دەدات بە بەشداری سیاسیو دەیکاتە پرسێکی نیشتمانیو لەگەڵیشدا بەرپرسیارێتی سیاسیو کۆمەڵایەتی دروست دەکات.
- چارەسەرکردنی گیروگرفتو قەیرانی ئابوری یارمەتی دەرە بۆ بوونی بەشدارییەکی سیاسی واقیعی.
- چارەسەرکردنی کێشەکانی یەکێتی نیشتمانی (ناسنامە، بەشداری بڵاوبوونەوە، پێکەوەیی..... هتد) بەشداری سیاسی دەباتە ئاستێکی بەرچاو لەکۆمەڵگەدا.
- قوڵکردنەوەی گیانی تەباییو پێکەوە ژیان بەمەبەستی جێگیرکردنی پرەنسیپی دەستاو دەست کردنی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی.
- پرۆسەی گەشەپێدانی سیاسی مەرجی کاراکردنی بەشداری سیاسیە.



## پێشنیازو راسپاردەکان

- یاساکانی هەرێم تایبەت بە چالاکی سیاسیو پێگەی تاك لەناو بۆتەی یاساکانو چەمکی هاوڵاتی بوون، هەموو ئەو میکانیزمانەی کە راستەوخۆ یان ناراستەوخۆ پەیوەستن بە بەشداری سیاسییەوە سەر لەبەری پێداچوونەوەی تێدابکرێ، بەشێوازێك کە خزمەت بەرەوتی بەشداری سیاسی زیاتر بکات.
- ئەڵبەتە سوود وەرگرتن لەیاسا دیموکراتیەکانی دنیای پێشکەوتوو، رەنگە حاڵەتێکی ئاساییو شیاوبێت بۆ ئەوەی یاساو رێنماییەکانی هەرێمی کوردستانی زیاتر پێ دەوڵەمەند بکرێ.
- هەروەها جێگیرکردنی پرەنسیپی دەستاو دەستی ئاشتیانەی دەسەڵاتی سیاسی لەهەرێمی کوردستان کە دەستەبەری فەراهەم کردنی بەشدارییەکی سیاسی تەندروستە.
- ئەرکی دەزگا فەرمیە پەیوەندیدارەکانی سیستەمی سیاسیە لەکوردستاندا، کە ئاستی هۆشیاری

سیاسیو کەلتوری تاکی کورد بەرزبکاتەوە، بەهەموارکردنی مەنهەجی خوێندن لەسەرجەم قۆناغەکانی خوێندنو هەروەها بایەخی زیاتر بە بەشی زانستە سیاسیەکان لەکۆلیژی یاساو رامیاری بدرێتو لەناو مەنهەجی ئەو بەشەدا چەمکی بەشداری سیاسی زیاتر تۆخ بکرێتەوە.

- پرسی گەشەپێدانی سیاسی بکرێتە ئەرکێکی بەردەوامی سیستەمی سیاسی لەهەرێمی کوردستان، کە مەرجی سەرەکیی مانەوەو بەهێزبوونی یەتیو لەحاڵەتی حەقبەستوویی دەربازی دەکات.



# سەرچاوەکان

## سەرچاوە عەرەبیەکان:

إيمان بيبرس (الدكتور): المشاركة السياسية للمراة في الوطن العربي: (القاهرة: جمعية نهوض وتنمية المرأة، 2010).

بلقيس أحمد منصور (الدكتورة) : الأحزاب السياسية والتحول الديموقراطي – دراسة تطبيقية على اليمن وبلاد أخرى، (القاهرة: مكتبة مدبولي، 2004).

ثامر كامل محمد الخزرجي (الدكتور): النظم السياسية الحديثة والسياسات العامة – دراسة معاصرة في استراتيجية إدارة السلطة، (عمان: دار مجدلاوي، 2004).

جلال عبدالله معوض (الدكتور) : ازمة المشاركة السياسية في الوطن العربي في علي الدين هلال واخرون: الديموقراطية وحقوق الانسان في الوطن العربي (بيروت: مركز دراسات الوحدة العربية, 1983).

صادق الاسود ( الدكتور): الرأي العام ظاهرة اجتماعية وقوة سياسية، (بغداد: جامعة بغداد، 1993).

طارق محمد عبدالوهاب ( الدكتور): سيكولوجية المشاركة السياسية مع دراسته في علم النفس السياسي في البيئة العربية، (القاهرة: دار غريب للطباعة والبنشر والتوزيع، 1999).

عصام سليمان الموسي ( الدكتور): المدخل في الاتصال الجماهيري، الطبعة الخامسة (مكتبة الكتاني للنشر والتوزيع).

غازي فيصل ( الدكتور): التنمية السياسية في البلدان العالم الثالث، ( بغداد: مديرية دار الكتب للطباعة،1993).

محمد عبدالقادر حاتم ( الدكتور): الرأي العام وتاثره بالاعلام والدعاية، ( القاهرة: الهيئة المصرية للكتاب/1993).


## گۆڤار و رۆژنامه عەرەبیەکان:-

إحسان عبدالهادي: قراءة في مفهوم التحديث و التنمية السياسية، نويَبوون ( مجلة)، العدد (3)، 2008

مهدي جابر مهدي ( الدكتور): المشاركة السياسية والمؤسسات، مجلة (الفكر الجديد)، اربيل، 2007، ص 241


## ماستەر نامەکان

تارا عمر محمد: المشاركة السياسية وتأثيرها في عملية التحول الديمقراطي- العراق المعاصر كحالة للدراسة، رسالة الماجستير/ جامعة السليمانية، كلية القانون و السياسة، 2009.




عطا أحمد على شقفة: تقدير الذات وعلاقته بالمشاركة السياسية لدى طلبة جامعة القدس المفتوحة بغزة، رسالة مقدمة للحصول على درجة الماجستير في التربية تخصص ( علم النفس السياسى )، جامعة الدول العربية –القاهرة- ، قسم الدراسات التربوية_ علم النفس، معهد البحوث والدراسات العربية، 2008.


## سەرچاوە فارسیەکان:

دايرة المعارف ديموكراسى، مشاركت سياسى جلد سومز. گ.ى وپيوستها سياسى، 1241.


## گۆڤار و رۆژنامە کوردیەکان:

حوسێن بەشیریە: بەشداریی سیاسی وگەشەی سیاسی، رێبوار حەسەن (وەرگێڕانی لە فارسیەوە)، کوردستانی نوێ – کاکێشان- (رۆژنامە)، ژمارە (5366)، ساڵی نۆزدەهەم، (2010/12/29).

عادل عەلی: ئاوڕدانەوەیەك لە چەمکی بەشداری سیاسی، کەلتور (گۆڤار)، ژمارە 1، ساڵی 2010،تشرینی یەکەم.

علی اصغر (الدکتور): دیموکراسی و پراکماتیزم, وەرگێرانی عادل عەلی (وەرگێرانی لە فارسیەوە )، (حمرین) گۆڤار, ژمارە (2)/ 1998.

کۆسرەت خدر: بەشداری سیاسی- ناساندن، کەناڵەکانی ، ئاستەنگەکانی و راسپاردەکان، سەرچاوە(گۆڤار)، ژمارە (11) تشرینی دووەمی 2010.

## لێکچەرەکان:

زانا رؤوف مەنمی (الدکتور): سیستمە سیاسیەکان، کۆمەڵی لێکچەرە پێشکەشی خوێندکارانی قۆناغی دووەمی بەشی زانستە رامیاریەکانی کۆلێژی یاسا و رامیاری زانکۆی سلێمانی کراوە، ساڵی خوێندنی 2008-2009.

عبدالسلام نویر: الأبعاد السیاسیة لتطور النظام الانتخابي، مجموعة من محاضرات مقدمة الى طلبة كلية الاقتصاد والعلوم السياسة في جامعة القاهرة، لسنة دراسية 2003-2004.

عەباس جومعە: کۆمیونیکەیشن، کۆمەڵی لێکچەرە پێشکەشی خوێندکارانی قۆناغی یەکەمی بەشی راگەیاندنی پەیمانگای تەکنیکی سلێمانی کراوە، ساڵی خوێندنی (2009- 2010)، چاپنەکراوە



## سەرچاوە ئەلیکترۆنیەکان:

http://acpss.ahram.org.eg/ahram/2001/1/1/YOUN39.HTM

السيد عليوة- منى محمود: مفهوم المشاركة السياسية.
مركز الدراسات السياسية والإستراتيجية بالأهرام: دراسة تأصيلية لمفهوم المشاركة السياسية,

http://www.4shbab.com/index.cfm?do=cms.conarticle&contentid=214&categoryid=388.
الثلاثاء 30 يونيو 2009

د. حميد حسين كاظم الشمري:
http://www.balagh.com/mosoa/eqtsad/ri07f615.htm

سایتی پەرلەمانی کوردستان (یاسای هەڵبژاردن) :
www.perleman.org

## سوپاس و پێزانین بۆ :

بەڕێزان ((مامۆستا تارا عومەر، مامۆستا عباس جمعە)) کە هاوکارییان کردم لەئامادەکردنی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا.

# پێڕست


| بابەت | لاپەڕە |
| --- | --- |
| پێشەکی | 5 |
| بەشی یەکەم | |
| باسی یەکەم: پێناسەی بەشداری سیاسی | 13 |
| باسی دووەم: بەشداری سیاسی لەبیری لیبرالیدا .. | 24 |
| باسی سێ یەم: گرنگی بەشداری سیاسی | 30 |
| باسی چوارەم: جۆرو شێوەکانی بەشداری سیاسی | 37 |
| بەشی دووەم | |
| باسی یەکەم: کەرەستە تەقلیدییەکانی بەشداری سیاسی | 43 |
| باسی دووەم: کەرەستە مۆدێرنەکانی بەشداری سیاسی | 63 |
| باسی سێ یەم: تایبەتمەندییەکانی بەشداری سیاسی | 67 |
| بەشی سێیەم | |
| گرفتەکانی بەشداری سیاسی لەهەرێمی کوردستاندا | 75 |
| گرفتی کەلتوری سیاسی | 77 |
| گرفتی یەکێتیی نیشتمانی | 80 |





| | |
| --- | --- |
| گرفتی ئابوری و کۆمەڵایەتی | 89 |
| گرفتەکانی گەشەپێدانی سیاسی | 95 |
| دەرئەنجام | 115 |
| پێشنیارو راسپاردەکان | 118 |
| سەرچاوەکان | 120 |

## لەبڵاوكراوەكانی
## ئەكادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی كادیران
## ساڵی (2010 - 2011)

| ز | بڵاوكراوەكان | نوسەرو وەرگێڕ | ساڵی چاپ |
|---|---|---|---|
| 325 | حول الفدرالية ـ النظامان السويسري والعراقي – دراسة مقارنة | كاوسين بابكر | 2010 |
| 326 | المركز القانوني الدولي للقوات المتعددة الجنسيات في العراق | عبدالصمد رحيم كريم زنگنه | 2010 |
| 327 | جلال طالباني ـ مواقف و آراء | صلاح برواري | 2010 |
| 328 | قراءة البعث للفاشية التأريخية | د. البرت عيسى | 2010 |
| 329 | 2010 ساڵی كۆنگرەی رووبەڕووبوونەوە | حاكم قادر حمەجان عزیز | 2010 |
| 330 | پرۆژەی مەكتەبی بیروهۆشیاری بۆدارِشتنی بەرنامەی (ی. ن. ك) | عوسمان حەمە رەشید گورون | 2010 |
| 331 | ئاغاو شێخ و دەوڵەت | و. كوردۆ عەلی | 2010 |
| 332 | مێژووی فەلسەفە | و. لەسوێدییەوە: عوسمان حەمە رەشید گورون | 2010 |
| 333 | طالباني جورج واشنطن العراق | خليل عبدالله ترجمة: حسن شندي | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 334 | العدالة بين الفلسفة والقانون | اسماعيل نامق حسن | 2010 |
| 335 | حوارات ونقاشات فكرية وسياسية واجتماعية و إقتصادية | د. كاظم حبيب | 2010 |
| 336 | المجتمع المدني والدولة، وإشكالية العلاقة | زبير رسول احمد | 2010 |
| 337 | الطبيعة القانونية لعقد الزواج | زبير مصطفى حسين | 2010 |
| 338 | ئایین و دەسەڵات | هاشم كەریمی | 2010 |
| 339 | فیمینیزم | رەسول سوڵتانی | 2010 |
| 340 | سياسة التعريب في قضاء شنكال | بيان محمد سعيد | 2010 |
| 341 | الامن و مستقبل السياسة الدولية | فرهاد جلال مصطفى | 2010 |
| 342 | زنجیرەیەك گفتوگۆی مەدەنی، عەلمانیەت و ئایین، عەقڵ و شەریعەت، كوردو میدیای عەرەبی | ئومێد قەرەداغی | 2010 |
| 343 | مسرحيات و تحليل | فريدريش دورينمات ت: غسان نعسان | 2010 |
| 344 | رجعية القانون في الماضي على الجرائم ضد الإنسانية | زانا رفيق سعيد | 2010 |
| 345 | كوردەكان و مافی چارەی خۆنووسین زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (1) | ئیسماعیل بێشكچی و. رەوا حاجی | 2010 |
| 346 | سیستمی سیاسی سویسرا | خەلیل عەبدوڵڵا | 2010 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (2) | | |
| 347 | ئاین و دەوڵەت لەمیسری سەردەمی محەمەد عەلی پاشادا زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (3) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 348 | گۆڤاری کەلتور | | 2010 |
| 349 | رۆژنامەی کوردی گۆڤاری هەولێر ساڵی (1970 ـ 1972) | ئامادەکردنی: د. هیمدادی حوسێن | 2010 |
| 350 | ناوچە جێناکۆکەکان، ئاینەدەو ئاسۆکانی چارەسەر، زنجیرەی هۆشیاری ، ژمارە (4) | تەحسین نامیق | 2010 |
| 351 | بەعەرەبکردن و بەجولەکەکردن ، زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (5) | فەرید ئەسەسەرد | 2010 |
| 352 | ئایین و ئازادی بیروڕا زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (6) | ن: عەبدولڕەحمان مونیف و: عوسمان حەسەن شاکر | 2010 |
| 353 | نەتەوە چییە...؟ زنجیرەی هۆشیاری، ژمارە (7) | ن. ئێرنست ڕینان و. کامیل محمد قەرەداغی | 2010 |
| 354 | خانقين .. حكايات اعوام الرماد | یوسف یوسف | 2010 |
| 355 | بەعسیزم و سەرکوتکردنی ژیان | رامیار مەحمود | 2010 |
| 356 | الدولة الايوبية في اليمن | د. فرست مرعي | 2010 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| 357 | سپینۆزا | ن. هاشم صالح و. ئارام ئەمین شوانی | 2010 |
| 358 | پەرلەمان مێژووی سەرهەڵدان و پێکهاتەو ئەرکەکانی | ئامادەکردنی عادل عەلی | 2010 |
| 359 | الحصانة البرلمانية في قانون انتخاب برلمان كوردستان ـ العراق ومشروع دستور اقليم كردستان | د. شورش حسن عمر | 2010 |
| 360 | ئاین و مۆدێرنە زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 10 | مستەفا مەلەکیان و. لەعەرەبییەوە: یاسین عومەر | 2010 |
| 361 | المدارس السياسية الثلاث في العراق و امكانية التعايش السلمي فيما بينها زنجیرەی هۆشیاری ژمارە 11 | فريد اسسرد | 2010 |
| 362 | گۆڤاری کەلتوور | | 2010 |
| 363 | نوێنەرانی کورد لەیەکەمین خولی پەرلەمانی عیراقی نوێدا | ئامادەکردنی: ساڵح رەحمان | 2010 |
| 364 | الموسوعة الكرد الصغرى | كنياز ابراهيم ميرزويف ت. عن الروسية: احمد حيدر علي | 2010 |
| 365 | پێگەی میدیا لەهەڵبژاردنی | ڕێبین حەسەن | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سەرۆکایەتی ئەمریکادا ،ژ. ز، (12) | | 2011 |
| 366 | ميزات النظام الفدرالي في العراق (ژ. ز. 13) | د. شورش حسن عمر | 2011 |
| 367 | جیهانگیری ، فاکتەرو گرفتەکانی دیموکراسی، ژ، ز، (14) | مەلا بەختیار | 2011 |
| 368 | پەیدابونی عەلمانیەت لەتورکیای عوسمانیدا، ژ. ز. (15) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 369 | ئیسلامو مۆدێرنە، ئیسلام لەبەردەم ئەگەری عەلمانیەتدا (ژ. ز. هۆشیاری (16) | ن. محمد رەزا شالگونی<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | 2011 |
| 370 | سیاسەتی روسیای قەیسەری بەرامبەر بەکورد (18050-1914) | هەستیار کەمال کوردی | 2011 |
| 371 | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركاتهم القومية | بقلم:<br>عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 372 | کورتە باسێکی فەلسەفەی سیاسی | ن. دەیڤد میلەر<br>و. لەئینگلیزیەوە:<br>کارزان کاوسێن | 2011 |
| 373 | هەواڵنامەی کوردستانی عیراق | ئامادەکردنی : | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نەوزاد عەلی ئەحمەد | |
| 374 | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | 2011 |
| 375 | تاريخ الفكر الكردي | ماموستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | 2011 |
| 376 | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (1991-2005) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | 2011 |
| 377 | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (1975-1992) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 378 | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (17) | د. نوری تاڵەبانی | 2011 |
| 379 | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(18) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | 2011 |
| 380 | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (19) | بەختیار جەبار شاوەیس | 2011 |
| 381 | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (20) | عابد خالد رەسول | 2011 |
| 382 | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (21) | ن. عەبدوڵڵا عەنزی<br>و. سەردار | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | عبدالكريم | |
| 383 | کــوردو پرســی دانپێــدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 384 | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | 2011 |
| 385 | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | 2011 |
| 386 | کەلتور – ژمارە (3) | | 2011 |
| 387 | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە:<br>کاوسێن بابەکر | |
| 388 | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | 2011 |
| 389 | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة: عبدالرزاق محمود القيسي | 2011 |
| 390 | کورتەیەک لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | 2011 |
| 391 | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 392 | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | 2011 |
| 393 | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(1) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. ڕێبوار تۆفیق | 2011 |



| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 394 | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | 2011 |
| 395 | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (25) | ئەنوەر حسێن بازگر | 2011 |
| 396 | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ذ. ز. هۆشیاری (26) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بني ويس | 2011 |
| 397 | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (27) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حسن شاکر | 2011 |
| 398 | ئاین و سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (28) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | 2011 |
| 399 | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(29) | خەلیل عەبدوڵڵا | 2011 |
| 400 | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ز. هۆشیاری، ژ. (30) | فەرید ئەسەسەرد | 2011 |
| 401 | دیموکراسی و بنەماکانی گەشەپێدانی سیاسی، ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(31) | ن. حەمید حسێن کازم ئەلشەمەری<br>و. عادل عەلی | 2011 |
| 402 | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (طبعة ثالثة) | حكمت محمد كريم<br>(ملا بختيار)<br>ترجمة و مراجعة:<br>د. بندر علي اكبر | 2011 |
| 403 | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | 2011 |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | | |
| 2011 | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف کەریم | کێشەی شیعەو سوننە، کورتە باسێکی مێژوویی | 404 |
| 2011 | ئەمیر حسێن رەحیم | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | 405 |
| 2011 | عوسمان حەسەن شاکر | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | 406 |